



کۆبەرهەمی

# مەجید ئاسنگەر

بەرگی چوارەم

کۆبەرهەمی

# مەجید ئاسنگەر

بەرگی چوارەم


شیعر


کۆکردنەوەی:

د.بۆتان مەجید ئاسنگەر | د. جۆشان مەجید ئاسنگەر



کوردستان ٢٠٢٥




**کۆبەرهەمی**

# مەجید ئاسنگەر

بەرگی چوارەم

کۆکردنەوەی: **د.بۆتان مەجید ئاسنگەر | د. جۆشان مەجید ئاسنگەر**

گرافیك و دیزاین: **بەلوگرافیک - ٠٧٥٠٥٧٥٨٤٢٨**

ساڵ و شوێنی چاپ: **٢٠٢٥ - هەولێر**

چاپخانە: **زانکۆی سەلاحەددین**

تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (٤١٤) ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە.

# پێڕست


بیری مەفتەن ........ ١١
دەمە تەقە ........ ١٣
شاری کۆیە ........ ١٦
کۆیە ........ ١٨
مێکۆکاو ........ ٢٠
خەمباری ........ ٢٢
بەهار و نەورۆز ........ ٢٥
دەمە تەقە ........ ٢٧
گوند ........ ٣١
یادگاری ........ ٣٥
سکاڵایەك ........ ٣٨
غەزەل ........ ٤١
غەزەل ........ ٤٣
هەتاکەی ........ ٤٥
ئیمڕۆ ........ ٤٧
با وەکو شێر ........ ٤٩
بێ دادی ........ ٥١
فەرمان ........ ٥٣
ئیستعمار ........ ٥٦
جەفا و داد ........ ٥٩
دڵ ........ ٦٥
مێژوو ........ ٦٨

سکاڵا ........................................................................ ٧٠
بۆ..؟ ........................................................................ ٧٤
ئەی یار........................................................................ ٧٦
دێ ........................................................................ ٧٨
راستیی تاڵ........................................................................ ٨٠
جەژنی قوربانە........................................................................ ٨٢
جووتیارم........................................................................ ٨٥
کیژێکی هەژار ........................................................................ ٨٨
هەولێر ........................................................................ ٩٢
وەرە لام بژی........................................................................ ٩٥
گۆرانیی ئاە ناجان.. ........................................................................ ٩٧
سکاڵای دڵ........................................................................ ٩٩
بەهار ........................................................................ ١٠٠
حەیفە بۆ مردوم ........................................................................ ١٠٢
خۆزیا ........................................................................ ١٠٥
ئاوات........................................................................ ١٠٧
جەژن ........................................................................ ١١٠
نائومێدی ........................................................................ ١١٢
چاوکاڵ ........................................................................ ١١٧
رۆژباش........................................................................ ١١٩
گوڵ و بولبول........................................................................ ١٢١
نازەکەم........................................................................ ١٢٣
بێ وەفایی ........................................................................ ١٢٥
سکاڵای دولبەر ........................................................................ ١٢٧

ئەمیرەکەم ........................................................ ١٢٩
سوێندی پێشمەرگە | (یا کوردستان.. یا نەمان)..................... ١٣٠
باوەڕ ........................................................ ١٣٢
دەربەدەر ........................................................ ١٣٣
دڵەی بێچارە........................................................ ١٣٤
هەندرێن........................................................ ١٣٥
ڕەواندوز........................................................ ١٣٧
مژدە........................................................ ١٣٩
نامەکەت! ........................................................ ١٤٣
ئۆپەرێتی هێزی گەل........................................................ ١٤٤
چوارین........................................................ ١٤٨
من.. لە بەندیخانەوە.. ........................................................ ١٥٠
زەرد........................................................ ١٥٣
گیانی شیرینم........................................................ ١٥٤
خێوەتی ئێمە ........................................................ ١٥٦
کوردە ئەم هەڵە........................................................ ١٥٨
بەری خەبات ........................................................ ١٦٠
دیاری یار........................................................ ١٦٦
بارزانی سەروەر ........................................................ ١٦٨
زەنگی ئاسایش........................................................ ١٦٩
سروودێ بۆ لوبنان........................................................ ١٧١
مافی وشە و ئاواز........................................................ ١٨٠
چنارۆك........................................................ ١٨٦

# شیعر

# بیری مەفتەن

ئـەم شـیعرە لـە قۆناغـی دواناوەنـدی نـووسراوە لـە هەولێـر، لـە کاتێکـدا شـاعیر بیـری کـەس و کاری دەکات لـە کۆیـە، هەسـتی خـۆی بـەم شـیعرە دەردەبـڕێ، لـە کاتێکـدا سـەیری بەرزاییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی شـاری هەولێـر دەکات بـە ئاراسـتەی مەفتەنـی کۆیـە دەڵـێ:

چەنـدی بیـر ئەکـەم لـە دووری ئێـوە
کـەس بەرچاو نابێ لە پشت ئـەم کێوە
خـزم و کـەس و گـەل پێکـەوە هەمـوو
لێـم دوورن. چـاوم فرمێسـکی پێـوە
تەنیـا دووریتـان هـەر بـە دیمەنـە
گـەر بـەدڵ بایـە: ئەمـرد لـە جێـوە
لام وایـە ئێـوەش وەك مـن تـێ ئەگـەن
بـۆ گەڕانـەوەم چاوتـان لەڕێـوە
یاخـود هەمووتـان بـێ ئـاگان لەمـن
بـێ خەمـن ئەگـەر بشـچم بـە زێـوە.

* * *

هەمــوو ســبەینان ســەرلەبەیانی
دێمــە ڕێــی کۆیــە عالــەم ئەیزانــی
نەسیمی شادی و هەوای ئـەم دەشتە
سەوزی گەنم و جۆ و سووری پاوانی
ڕۆناکــی ڕۆژ و خوێنــاوی زیویــن
ئەدرەوشــێنەوە پاشــی بارانــی
ئــەم گوشادیەش ئێستا هــەر کەمــە
چونکــە نەیــماوە بەزمــی جارانــی
تەنهـا ئەینووسم تـا پێم بـڕوا کـەن
نەڵێــن قســەی تــۆ گشــتی بــۆ نێــوە

***

بــەڵام پــاش چەنـد ڕۆژ بـە پیاسـەکردن
هیچم بـۆ نەکـراو کـەس دەرنەکەوتــن
چونکــە ئــارەزووم دیــدەی ئێــوە بــوو
نـەك هەر بە هەوەس گرد بەسەرکەوتن
ئەنجــا ناچــار بــووم وازتــان لێبێنــم
دەست بە کۆشش کەم لەترسی کەوتن

***

بــەڵام خەیاڵــی ئێــوەم هــەر هەیــە
چونکــە غەریــب و دوورم لــە مەفتــەن
خواتـان لەگـەڵ بێ، چاوتـان لە ڕێ بێ
بـۆ پـاش «امتحـان» دێم بـۆ لای ئێوە.

هەولێر ١٩٤٩

# دەمە تەقە

شەوێکی بەهار     لای مەلا بانگدان
خەوم لێ زڕاو     چوومە سەرگردان
چۆنی رابوێرم     ئەم کاتە خۆشە؟
بچمە سەیرانگا و     مێرگی وەنەوشە؟
یا لای مام جوتیار     پیری دەردەدار
وا دایئەبەستێ     ئاموور و هەوجاڕ؟
وتم قەی ناکا،     ئەچم بۆ لای ئەو
چونکە ئەزانم     تێر نەبووە لە خەو
بەڵکو بە خۆشی     جووتەکەی ئەکا.
هەم باسی ژینی     خۆیم بۆ ئەکا
ماندوو نەبوونم     لێی کرد یەکەمجار
سەری هەڵبڕی و     لێم هاتە گوفتار:
ها وەرە بزانم     تۆ بۆچی هاتووی؟
خۆ تۆش وەکو من     خوا نەیگرتووی!
کەسێ وەك تۆ بێ     بۆچی ناخەوێ؟
دێیت بۆ سەر جۆتی     لە نیوەی شەوێ؟
ئێمە ناچارین     ئەبێ ئیش بکەین

تاکو نانی جۆ    بۆ خۆ دەست بخەین
گەر جووت دابەستین    پاش رۆژ هەڵاتێ
ئاغا دەنکوژێ و    نانمان ناداتێ
هەرچەند سەرما بێ و    بەفر و باران بێ
گەرماندوو نەبین    نان پەیدا نابێ،
ژیان ناخۆشەو    دەردی گرانە
ئەوەی تەمبەڵبێ    هەر نان برانە.
پێم وت مامی خۆم    تۆ زۆر ترساوی
لە چەشنی داری    ئاو لێ بڕاوی
ئەگەر وانەبێت    ئەم قسە ناکەیت
تاڵی و ناخۆشی    ژیان باس ناکەیت
من وا تێ ئەگەم    کە ژین شیرینە
جوانیی گوڵە و    تامی هەنگوینە.
وتی ئەی جەوان    تۆ گرفتاری
شێوەی مەلێکی    لەزاری ماری
ئیمڕۆ کە ئەمن    وەك باپیری تۆم
بە بیرم دێتن    شەڕی فورس و رۆم
چەند گەنج و لاوی    وەکو تۆم دیوە
ئێتسا لە ژێرخاك    گۆشتیان رزیوە
عومرم نۆهەتە و    گەلێکی ژیاوم
هەموو دەورێکم    دیوە بە چاوم
ژیان لەم بارە    چۆن ژەهری مارە
هەرچی تێی ناگا    وەك تۆ بێدارە
پێموت ئەگەر تۆ    ئاوای تێ ئەگەی

کەواتە بۆچی خۆت ماندوو ئەکەی؟
ئەی هیچ مردنت لەبەرچاو نییە؟
نەشت بیستووە دونیا فانییە؟
گوتی ئافەرین بەخوا راست ئەکەی
بەڵام تۆ زۆر دوور تەماشا ئەکەی
وتم لەبەرچی مامەی نۆهەت ساڵ
خۆ خۆت دانانێی بە کۆرپەی منداڵ؟
ئێجگار پیربووی هێندەت نەماوە
کەچی مردنت بەلا داناوە
خۆ بەتەمانی هەزار ساڵ بژی!
ئەگەر ژیایش پیری ئەتکوژی.

گوتی پێی ناوێ درێژی کەمەوە
ها گوێم لێبگرە جوابت دەمەوە:
هەتا زۆر پیر بین هەروا ئەزانین
کە تازە لاوی چواردە ساڵانین
باسی مردنمان هیچ لەبیر نابێ
تاکو رۆژێکمان لە ژینا مابێ
هەڵسە بەخێرچیت واز لەمە بێنە
ئەوا خۆر هەڵات گەرم و بەتینە.
زۆر بە خەمباری لەلای رۆیشتم
کە لە ئەسراری ژیان گەیشتم!

هەولێر ٦-١٩٤٩/١٢/٨

# شاری کۆیە

شاری کۆیـە وەك بەهەشتە هـەر دەبـێ
بێتــە بیــرم چونکــە مەفتەنــم ئــەوێ
گــەر نەبێتــە فەخـر و لێـم نەبێتـە درۆ
وەکـو (جبـل لبنانـە) ئێسـتاش پێی ئەوێ
رۆژهەڵاتـی (هەیبـەت سوڵتان)ە کەچـی
(کێــوی باواجــی) لــە غەربــا ئەکــەوێ
چەشنی کوێستانە، بـە دیمـەن جەنەتـن
کەنــدە کۆکــۆ حەمامۆکــی بــۆ شــەوێ
***
ئـەو کەسـەی کۆیـەی نەدیوە بـە جوانی
مــن باســی بــۆ ئەکــەم تاکــو بزانــی
رۆژی بەهــاران لەشــاری و لــە دەرێ
بــەزم و ســەیرانە لەنێــو باخچەکانــی
گولـوك و لالـە و مێرگـی سـەوز و سـوور
راکشــاون لــە گــرد و دەشــتەکانی
کەسك و سوور تێکەڵ ئەبن لە نێو رەزان
کــوڕ لــە ژێــردار، کیــژ لەســەرکانیەکانی

***

هەر یەکە بۆ خۆی خەریکە و بێخەم

تا ئێوارە گشت بەرەو ماڵ ئەبنەوە

نازی بولبول، بای شەماڵ، گریانی دار

تاکو ماون قەت لەبیریان ناچنەوە

خەڵکی کۆیە زۆر بە زەوقن هەروەها

دەست بڵاون ماڵی خۆ ئەبەشنەوە

زۆر بە نامووس و بەهۆشن، دائما

خۆیان لە بەدکار زۆر دوور ئەخەنەوە

هەولێر ١٩٤٩/١٢/٢٣

# کۆیە

کۆیـە تـۆ شـاری منـی    تـۆ رۆح و گیانـی منـی
بـاخ و گوڵـزاری منـی    بەهـار سـەیرانگای منـی

هەمـوو دەمـت کوێسـتانە    کێـوت گشـت داپۆشرانـە
بەفـری دائـم لـە توانـە    بۆیـە جەنەتـی منـی

هەرچـوار دەورەت باخچەیـە    ئـاوت چەشـنی تەرزەیـە
ئەهلـت شـەڕەف زادەیـە    بۆیـە گولشـەنی منـی

بەهـاران لەنێـو رەزان    لەهـەر لا شـایی و سـەیران
بلبـل ئەکەوتـە گریـان    بۆیـە رەوشـەنی منـی

بە نەرم و شایی و هەڵپەڕین    خـەم فرۆشی و شادی کڕیـن
چونکـە کۆیـی وەك پەریـن    بۆیـە تـۆ خاکـی منـی

ئـاو و هـەوات زۆر پاکـە    رێـگات دائـم رۆناکـە
بـۆ فەوتـان لـە رێی خاکـە    بۆیـە مەفتەنـی منـی

چیاکانت زۆر بەرزە  هەموو دەم خاکت سەوزە
جێی تۆم لەسەر فەرزە  بۆیە دیداری منی

سەیرانگات لە (تاتوکان)  (حەمامۆك) ئۆمەر خۆچان
خۆشترە لە وڵاتی لوبنان  بۆیە جێی قەبری منی

بەهاران باخت سۆرە  هاوینە هەوارت زۆرە
پایز دوژمن کۆرە  جا نیشتمانی منی

هەولێر ١٩٥٠/٤/٢٩

# مێکۆکاو

وەرە بـۆت بکـەم باسـی مێکـۆکاو
جێگەیەکی خۆشـە و پڕە لـە بـەراو
هۆبـە کەپرێکـە لەنـاو دوو چیایـە
گەلێکیـان مـەل و دەعبـا تیایـە
یـەك کێـوی سوسێ یەکجـار بڵنـدە
لێرەوارێکـە وەك زەریـا مەنـدە
لەوبـەر چیـای هیران، گەلێك عاسێیە
لانـەی مێش هەنگوین دائیـم لەوێیە
ئەنجـا بزانیـن ئاوەکـەی چۆنـە؟
وەك بەفری بەهـار هـەردەم لـە تۆنـە
وارداتـی زۆر ئـەوا لەوێیـە
هاوینـە هـەوار، نـەوەك لادێییـە
هاوینـان پـڕە و زسـتانان چۆڵـە
چەشنی کاولگـەی سـوپای مەغۆڵـە
پێشـان گەورەیـان (نجیـب حمـد) بـوو
خـاوەن دیوەخـان زۆر بـە حورمەت بوو

پیاوێکی دیندار، ڕاست و سەخی بوو
مالّی هێلانەی دۆست و غەریب بوو
ئێستە کوێخایان (حمدأمین)ە
پیاوێکی ئازا و زانا و بەدینە
لە سەخاوە تا لە باوکی چاتر
مالّی ئەبەخشی لە حاتەم زیاتر
ئەنجا با بێینە باسی هەر چوارلای
زۆر ئاوەدانە بکە تەماشای
دەست کەین بە پیاسە بەرەو جنوبی
تا شوێنەکانی لەتۆ مەعلوم بی
پاش دە دەقیقە (بایز بەگ) دیارە
کانگەی هاوینی کوردی هەژارە
جێگاکەی بەرزە و لەسەر گردێکە
هەرچوار ئەترافی پارچە ڕەزێکە
ئاوی خواردنەوەی بیرەکی قۆلە
ساردی وەك ساردیی بەفری سەهۆڵە
(داری مۆمنێ)یە بەرامبەر ڕەزان
گردی مەوقعی هەمووی دارستان
پووختەی وتارم دووەم لوبنانە
جێی چابوونەوەی زۆر نەخۆشانە
گەلێ نەخۆشی سیلداری فەقیر
لێی چابوونەوە بێ پارە و تەگبیر

١٩٤٨

# خەمباری

دەنگ خۆش بە ساز و نای بێ
دوختور با بە دەوای بێ
تا دەردی دڵ کۆتایی بێ
روو بکەینە خۆشی ژیان

ئەی یاری چاو جوانم
هەموو مایەی ژیانم
بەسە ئیتر ناتوانم
خۆم جێ بێڵم لە زیندان

هەردوو رووت جەرگی بردم
لە سیحری چاوت مردم
بۆ گوڵی رووت رەنگی زەردم
خاڵێکە وەك ئەستێران

مــن وا لــه غەریبانــم
نەخۆشــم داخــی گرانــم
شــەو و رۆژ هــەر گریانــم
وەك بەحری سوور لـه بندان

تـۆش هـەر بـه كەیفـی دڵـت
رووی خــۆش و قســەی زلــت
لەگــەڵ مامــی لاق شــەلت
هەرگیـز هـەر له بـەزم دان

هیــچ هۆشــت لەمــن نییــه
بــش مــرم باكــت نییــه
نازانــی نــاوم چییــه
فــدات بــێ رۆح و گیــان

كـه ئەكەونـه بەحـری خـەو
ئەبینــم مانگــی پڕتــەو
دڵــم لای تــۆ هەمــوو شــەو
بـۆم دێتـەوه بـه گریـان

بــێ رەحــم دەری ئەكــەی
هیــچ نازانــی دەردەكــەی
فیـدات بـم غـەدرێ نەكـەی
نەمكـوژی وەك ئەسـیران

چونکــە مــن مەفتونــی تــۆم
هیــچ نامــەوێ موڵکــی رۆم
لــە عەشــقی تــۆ رەنجــەڕۆم
بەســتراومە بــە زنجیــران

هەولێر ١٩٥٠/٦/٢٥

# بەهار و نەورۆز

لە سـایەی یـەزدان بەفـر توایەوە
بەهـار هاتـەوە دڵ گەشـایەوە
سەرما و سۆر نەما، کەژی گەرما هات
بەرگـی هـەژاران پینـە کرایـەوە
گولـوك و لالە و سوسـن و بەیبوون
مەست بوون کـە بەهـار وا گەڕایەوە
نەرگز و کنێر، وەنەوشـە شین بوون
گوڵـە نیسـان وەك بـووك رازایـەوە
ئەنجـا کە بەهـار نـەورۆز نەهانی
ئەڵێـی پیـرۆزە؟ نەخێـر ناتوانـی
رۆژی تازەیـە مانـای نـەورۆز
لەسـەری بەهـار پاش کۆچی زوستانی
خۆ نەرخی نـەورۆز، عەجەم ئەیزانی
لـە رەعیـە و ئاغـا و کسرا و شاهانی
چۆن (کاوەی حداد) بە چەکۆشی دەس
تەختـی روخانـدن بـە قارەمانـی

تەنیـــا لای ئێمە هیــچ نەرخی نییە
باشــی ناناســین، نازانیــن چییــە
هەموو بــە گوناهو کفــری ئەزانین
بەهـۆی (نەفامـی) جەژنـی (مـە) نییە
شــێخەکان ئەڵێن مەچوونە سەیری
مــەلاکان ئەڵێــن لــە شــەرعا نییــە
ئەنجا خزم و کەس بەم باســە پووچە
لەخشــتە ئەچــن چارەیــان نییــە
بــەڵام گەنجــەکان هیــچ وازناهێنن
بەهێــزی بــازوو دوژمــن ئەمرێنــن
زۆر بــە ئاســانی میللەت تــێ ئەگا
هەرچی مەنعـی کا تێکـی ئەشکێنن
دەســتەی زۆردار و کۆنەپەرســتی
لــە چاڵــی بــێ بــن پــاك ئەخنکێنــن
ئــاڵای ئــازادی و ژینی سەربەســتی
بـە رزگار بوونـی (کورد) ئەچەسپێنن!

کۆیە
کانوونی دووەم/ ١٩٥١

# دەمە تەقە

خۆم:

رۆبــاش توتنەوان، مــن میوانی تۆم
لە عالــەم بــەدەر نانی تــۆ ئەخۆم
گەرچــی هەزارجار ئەڵێــی رەنجەڕۆم

تووتنەوان:

رۆژبــاش چاوەکــەم زۆر بەخێرهاتــی
تەنیــا پێــم بڵــێ ئــی کام وڵاتــی
خەڵکــی رۆژئــاوای، یــا رۆژهەڵاتــی؟

خۆم:

بۆچــی ئەپرســی لــە نیشــتمانم
ئــەی توتنەوانــی بەســتەزوبانم
پێــت ناخۆش نەبێ ئەز لــە کۆییانم

تووتنەوان:

کەواتــە میــوان رۆڵــەی نــاو شــاری
لــە خوێــن مژینــا وەك گورگــی هــاری
پشــتگیری جــەور و دۆســتی بێــگاری

هەمــوو خێرانــە لــە ئازاردانمــان
بەلاشــی ئەبــەن خــۆراك و دانمان
ســووك و هەرزانە لای ئێوە گیانمان
لــە ڕۆژهەڵاتــێ تاکــو ئێــوارێ
لە قرچەی هەتـاو ئەکەیـن جۆمـارێ
تووتـن ئـاو ئەدەیـن لـە دەم ڕووبارێ
بــژاری ئەکەیــن بەبــێ (بــژار کۆر)
ئەی شکینینەوە، ڕۆژ، ڕۆژ، کۆر بە کۆر
لە داوی ئەدەین لە ژێر تیشــکی خۆر
لەماڵــی خۆتــان ئێــوەش لــە شــاری
ژنێکــی جوانتــان هــەردەم لەپــاری
هــەر هــاوار ئەکــەن پــارە ببــاری
کــە پلاوێ ئەخۆن ئەمــە و دێتە زار
بمــری کرێــکار، نەمێنــێ جووتیــار
چونکە لە چنگیــان هیچ نابین قوتار
وەرزێــری ئێمــە وەك دڕندەنــە
هــەر چەنـدی بڵێـی هـەزار هەندەنـە
یەجـگار بـێ دینـن وەحشـی زادەنـە
گەر لە دەســیان بــێ ناهێڵن وا بین
بــەم جــۆرە بژین، لــە خۆشــیا بین
لە هیــچ ناپرســن، لەبــەر نەفامین
ناڵێـن کـە ئێمەش بەهۆیـی وان ئەژین
ڕەنجـی وان نەبـێ لـە برسـان ئەمریـن
هـەم بەهـۆی ئیشـکەر لە هـەوا ئەفرین

خۆم:

به خوا راست ئەکەی، قسەت بەجێیە
هەرچی فەرمووتە من چاك گوێم لێیە
بــەڵام تینوومە، دۆتان لــە کوێیە؟

تووتنەوان:

ئەنجــا بزانــە هــەر بۆخۆتانــن
کــە باســی ئێمــە لاتــان گرانــن
چونکـە هەژاریـن بـە چمان نازانـن!

خوایــە چــی بڵێم بــە کــوردەواری
لــە جــەوری ئاغــا و زۆری تۆمــاری
جوێن و تێ هەڵدان، شەق بەهەزاری

چی تـر ناتوانـم ئەمـەی قەبـول کەم
بێ ئەمری ئاغام نەچمـە لای ژنەکەم
بـۆ پـارەی توجـار کیـژم هـەراج کـەم

بــا مەلا و شــێخیش بڵێن بــێ دینی
گــەر تاکــو مــردن هــەروا نەمێنی
تۆ شــێتی ناوی (ئاغــا و میر) دێنی؟

بەڵـێ یـا شـێخم، ئەتـۆش مامۆسـتا
بەنـدە کافـر بـووم، دڵـم زۆر پەسـتا
بچــۆ لای ئاغــات درۆ هەڵبەســتا

بەخــوای من ئێوەش بەبــاش نازانم
بە قســەتان ناکەم چەنــدی بتوانم
بەس خوا ئەناســم، بەویــە ئیمانم

ئەزانم ئێوە کلکی دوژمنن
بۆ چەورە خواردن گەلێ زۆر وەڕن
لای یەزدانی پاك رەش و بەدفەڕن.

کۆیە ١٩٥١/١/١٦

# گوند

جوانتریــن جێــگا لەســەر رووی زەمیــن
دێــی کوردســتانە، هەمــوو ئەزانیــن
بــە دیمــەن جــوان و ئــاو و هــەوا پــاك
مێرگی سەوز و سوور، سەرچاوەی رەنگین
لــە گەلــێ لاوە کێــوی ســەختی بــەرز
دەورەی لێــداوە، وەك دێــوی بــێ دیــن
گشــتی بــە بەفــر و جەنگــەڵ پــۆشراون
پــڕن لــە مێــوەی شیرین وەك هەنگویــن
ئــاوی یەکجــار زۆر، زەویــش هەروەهــا
دایــم پــۆشراون بەلالــە و نەسریــن
***
کــەژی زوســتانان هێنــدە ســەرمایە
رۆژ رۆژی بەفــر و لەشــکری بایــە
لــە هــەر لاییــەکا کــە تــۆ بنــواڕی
بــە پەردەیەکــی بەفریــن پۆشرایــە
هەرکــەس لەماڵــی خــۆی دا ئەنیشــێ
هیــچ قــاڕە و قــووڕە و دەنگیــان دەرنایــە

لەسـەر رووبـاران داربـی و ئەسـپیندار
لـە قرچەیـی لەرزیـن کشـوومات مایـە
دەعبـا و پـەڕەوور نایەنـە دەرێ
هـەر شـت لـە جێـگای خـۆی دامەزرایـە

***

ئەنجـا کـە ئـۆردوی بەهـار هاتـە پێـش
زوسـتان بـار ئـەکا لەنـاو خێـڵ و خێـش
هەمـوو زیندووێـك خـۆی بەرچـاو ئـەکا
لـە ئادەمیـزاد تـا ئەگاتـە مێـش
هەریـەك خەریکـە بۆخـۆی ئەکۆشـێ
هیـچ باکیـان نیـە بـە ئـازار و ئێـش
زەوی بـە کەسك و سوور خـۆی ئەنوێنـێ
هـاژەی روبـار وەك مـاری گرانکێـش
دێتـە گوێـت لـە دوور وا هـاوار ئـەکا
ئەڵـێ «بمـری شـەڕ» بـژی ئاسـایش!

***

لـەم کـەژە خۆشـە میللـەت بەختیـارە
بـۆ هـەرلا ئەچـی دەنگـی جووتیـارە
وەك شـێر نـەڕەی دێ، دەم بـە پێکەنیـن
(ئۆحـە هـەرە هـەی) ئیمـڕۆ بەهـارە
لەنێـو مـەڕ شـوان لـە دوور ئاوایـی
بۆخـۆی خەریکـی بلـول و شمشـارە
کـەو قاسـپەیان دێ بلبـل ئەخوێنـن
هاشـە هاشـی دار وەك گیـزەی مـارە

کاتــێ ئێــواران لــە ڕۆخ ئاوایــی
بــۆڕە و وەڕە و زەڕ، هــڕە و هــاوارە
***
هەمـوو بـە یەکجـار بـەرەو مـاڵ ئەبـێ
بزنــێ یــا مــەڕ بــێ تاکــو تێــر ئەبــێ
هــەر ئەلــەوەڕێ، گیــا ئەپچڕێنــێ
چەنـدی لـە تینـوو هێـزی خـۆی وێ بـێ
هـەم بـووك ئەهێنـێ چۆپـی ئەکێشـێ
ڕۆژی وا ژن و پیــاو تێکــەڵ ئەبــێ
کـەس پەچـەی ڕەش و تاریـك ناناسـێ
بــا ژن ڕۆژ و شــەو لەگــەڵ نێــرا بــێ
هەمووشی سحەت باش، خۆش را ئەبوێرن
زوو چاك ئەبێتـەوە گـەر یەکێـك لـەڕ بێ
***
کــە هاویــن داهــات پــاش بەهــاران
تێکـڕا کـۆچ ئەکـەن بـۆ نـاو هـەواران
لەم دەشتە خۆشە ئەکەن خەوی شەو
چەشــنی مۆزیقــا یــەت دەنگــی داران
لـە (چۆلەیـی گونـدی) مەترسی ئەکـەن
گۆیــا ئەبێــژی (چــۆل کــەن هــەواران)
ئەنجــا کــە ئەشــکێ ئــوردوی تاریکــی
ئــەم بـۆ نـاو ڕەزی، ئـەو لـە بـۆ داران
بـۆ هەمـوو شوێنێ پەرتـەی لێ ئەکـەن
ئەچنـە سـەر ئیشـێ چاپـووك وەك هـاران

***

ئـــەم ژینـــە خۆشـــەی ئـــەوان هەیانـــە

(حـــداد*) وا نووســـی ئەتـــووش بیزانـــە

بـــەڵام داخەکـــەم دەردیـــان گرانـــە

چونکـــە مەوجـــودە دەســـتی بێگانـــە

گشـــتی جاهیـــل و نەخوێنـــدەوارن

دیـــل و ژێردەســـتی (تیپـــی ئاغانـــە)

بـــێ بـــەش لەهـــەر مافێکـــی مـــرۆڤ

هـــەردەم نانـــی جـــۆ و دۆ خۆراکیانـــە

برایـــان وەرن تـــا رزگاریـــان کەیـــن

چونکـــە (گونـــد) هێـــزی پاشـــەڕۆژمانە

کۆیە/ ١٩٥١/١/٢٣

* حـــەداد: مەبەســـتی شـــاعیر خۆیەتـــی (مەجیـــد حـــەداد - مەجیـــد ئاســـنگەر)نازناوی شـــاعیر ســـەرەتا (مەجیـــد حـــەداد) بـــووە.

# یادگاری

ئیمـــڕۆ ڕۆژێکـــە لـــە جەژنـــی میللـــەت
کـــە ویســـتی بڕمـــێ ژینـــی پـــڕ زیللـــەت
گەلـــی عیراقـــی ئـــازا هاتـــە پێـــش
بـــۆ دەرکردنـــی خوێـــن ڕێـــژ بـــە هیمـــەت
هیـــچ ترســـی نەبـــوو لـــە تـــۆپ و تفەنـــگ
یـــا کوشـــتن بەدەســـت پۆلیســـی حوکمـــەت
خائیـــن و کلـــك و دوژمنانـــی گـــەل
پـــارە پەرســـت و بـــێ دیـــن، بـــێ غیـــرەت
ئـــەم نامەردانـــە چـــاك تێگەیشـــتن
کـــە گـــەل بەهێـــزی خـــۆی ئەیانـــکا لـــەت
ڕۆژی بیســـتو حـــەوت لەمانگـــی کانـــوون
هێـــزی پێشـــکەوتووی میللـــەت بەدەرکەوت
کـــۆنەپەرســـت و کـــاربەدەســـتەکـــان
تێکـــڕا بـــە جارێـــك مـــردن لـــە خەفـــەت
پەیمـــانگەڕانی شـــاری (پۆرتســـموث)
زانیـــان بـــێ ســـوودوکەلکە نەدامـــەت

سـەرۆك پیلانگێـڕ، صالـح جـبر بـوو
فەرمانێکـی دا زۆر بـێ نەزاکـەت
ئـەی خۆشەویسـتم کۆمەڵـی عێـراق
بەهەمـوو هـۆز و بنەچـە و تیـرەت
مەبەسـمان وایـە لـەم معاهـدە
بەخۆشـی بژیـن، دەرچیـن لـە محنـەت
هیـچ نامانـەوێ بەدەسـتی خۆمـان
خۆمـان بخەینـە داوی فەلاکـەت
بـەڵام دلێـــر و مـــەردانی مەیـدان
لە خشتە نەچوون بـە درۆی بـێ دەرفەت
وەك قارەمانـی (ثـەورەی ئۆکتبـەر)
لـە رێـی ئـازادی و جـادەی هیدایـەت
پشـتی یەکیـان گـرت لـە شـاری بەغـدا
خۆیـان بەخـت کـرد لـە رێـی عەدالـەت
تـا گەیشـتن بـە (جـسر الشـهداء)
سوور بـوو (دیجلـە) بـە خوێنـی بەرائـەت
لاشـەی بـێ ئەژمـار لـە گـۆڕێ کەوتـن
هیـچ لـە ئاگـر و ئاسـن نەخەفـتن
وەك شـانەی مێـرو لـە هەمـوو لایـەك
نەتـەوەی کـورد و عـەرەب رێـك کەوتـن
بـۆ دروێنـەوەی دوژمنـی میللـەت
پێکـەوە یەکسـەر پەیمانیـان بەسـتن
دەسـتی یارمەتـی بـۆ یـەك درێـژ بـوو
نیشـاندرا کـە وەك ئاگـر و نەوتـن

کــە رۆح و گیــان و مــاڵ و ســامانیان
جـان فیـدا ئەکـەن لـە رێـی سـەرکەوتن
ناڵیــن و گریــە و فیغــان و هــاوار
رووتــی و برســیەتی میللەتــی ناچــار
بەهیـچ جـۆر سـوود و کەلکـی نەبەخشی
لــەرووی دڵ رەقــی کۆمەڵــی زۆردار
ئەنجـا کــە زانــی چــارەی بــۆ نییــە
دەمــی داپچــڕی چەشــنی گورگــی هــار
هەمـوو تینـوو بـوون لـە بـۆ سەربەستی
(دوارۆژێکــی خــۆش، ژینــی بەختیــار)
قۆڵــی هەڵماڵــی مەردانــەو دلێــر
قوتابـی و ئیشـکەر، سـەپان و جووتیـار

کۆیە ١٩٥١/٢/١٢

# سکاڵایەك

هەتــا کەنگــێ ئــەرێ هەتــا کەنگــێ دڵــەی غەمگیــن
لــە برســان و لــە بــێ بەرگــی بــە دەردی بــێ عیــلاج ئەمریــن

هەتــا کەنگــێ ئــەرێ توخــوا هەتــا کــەی دوژمنــی بــێ دیــن
لــە ژێــر بــاری ســزا و جــەورت لەنێــو ئــۆدەی خەمــان ئەژیــن

لــە بەرهەمــی بیــری چەرخــی ئەتــۆم و ســەدەی بیســتەمین
لــە رزگاری و ســەربەخۆیی و ژینــی شــادی بــێ بــەش ئەبیــن
میللەتــی کــورد (ئومەتێکــە) کیانێکــی بــەرزی هەیــە
بــەڵام یــا زوخ لــە بــۆ مــەردان، هەتــا (وابــن) هــەر (وا ئەبیــن)
لاوانــی کــورد زۆر بــێ باکــن، دڵــداری یــار پیشــەیانە
هیــچ بیــر ناکــەن لــە تێکۆشــان بــۆ دەرکردنــی بێگانــە
جارجــار ئەڵێــن: بــا ژن بێنــن، ئــەودەم خەبــات زۆر ئاســانە
تــێ ئەکۆشــین بــە مێــرد و ژن، فیــدا ئەکەیــن رۆح و گیانــە
ناڵێیــن ئێمــە بــێ ویژدانیــن تەمــەڵ و هاودەمــی نانیــن
گشــت خۆخــۆر و ناتەباینــە پــوول و پــارە ئاینمانــە
بــە خوا عەیبــە بــۆ گەنجــی کــورد، هەتاکــەی شــێتی و نەفامیــن

قــۆڵ و باســکی لــێ هەڵماڵــن، گەلــی دونیــا لــە پاڵتانــە
بێ کـەس نینـە، بێ کـەس نینـە، گـەورەی دوژمنتـان لـە شینە
مــاڵ وێــران و دەربــەدەر بــوو، دڵ پــڕ زووخــاوو غەمگینــە
بــاوی نەمــا، پشــتی شــکا، مەکــر و فێڵــی بــەکار نایــە
هەمــوو عالــەم تێگەییــوە دەردی پیســی ئــەم بــێ دینــە

مزگێنــی بــێ، بــێ کــەس نینــە، هێــزی دۆســتانتان لــە ژینــە
بــۆ (هــەق) وەرگرتــن تێکۆشــن، ڕێگاتــان پــان و بەرینــە

وەرنـە مەیـدان، بێ تـرس و بـاك لـە گوللەی تـۆپ و ڕەشاشان
بــێ خــۆف لــە تانــك و فڕۆکــە، هێــزی ئەمانــە چ نینــە
(کانگـەی نەوتـی) لـە کوردسـتان وەك زێـڕی زەرد بـە نرخەیـە
گـەر داد و هـەق لـە گـۆڕێ بێ، ڕاستی هەمـووی بەشی مەیـە

تەنهـا لاوان گــوێ نادەنــێ، بــۆ دوژمــن ملتــان کــەچ ئەکــەن
خـوا وای کـردووە، نابـێ بگـۆڕێ، باوەڕیـان بـەم گوتـە هەیـە

لۆکـە و توتـن، هـەم گەنـم و جـۆ، نیسك و نـۆك و مـاش و برنـج
بەروبوومــی وڵاتمانــە، بــەڵام بــۆ (مــە) بــێ ســوودەیە

مـەڕ و بـزن، خـوری و مامـر، هێلکـە و گاجـووت، ڕۆن و مێـوژ
هێنــدە زۆرن وەکــو خۆڵــن بــۆ بێگانــە تۆرەگەیــە،
(مانـگ هەڵات پێویست بە ئەنگوست نـاکات)، پەندێکی زۆر کۆنە
ڕۆژی هــەق وا دەرکــەوت دوژمنــی بەدخــو بۆچــی مۆنــە؟

بەرگی گەرم و نوێنی نەرم و پڵاوی چەورە خۆراکی ئەو
سەد هەزارانیش لە خۆمان بێ نانی جۆ و هەم بێ دۆنە!
بێ سەرمایە، روت و قووتن، تووشی دەردەسەری بوونە
کەسیان سەری لێ دەرناکەن، نازانن تیماریان چۆنە!
ئەوا بەندە بە دڵسۆزی دەرمانی دەردتان پێ ئەڵێم:
«دوژمن دەرکەن، کلکی ببڕن، ئەنجا ئی بێ پێ هی خۆنە!»

کۆیە ١٩٥١/٢/٢٢

# غەزەل

بـای شـەماڵ سـا وەرە قوربـان نامەیەکـم بـۆ بـەرە
(نەتـەوەی کـوردم) بـە تیـرە و هۆزەکانـی دولبـەرە
دەسـتی زۆردار و بێگانەیـان لەنـاو دەردی سـەرە
محنەتـی دەردی دەروونیـان وەك برینـی خەنجـەرە
ئاگـری بـێ ئـاوی دڵیـان بـۆ دوارۆژ گەوهـەرە

تـۆ بڵـێ ئـەی یـاری بـێ خـەم، بـۆ لـە نـاو جـێ مایـەوە؟
ڕەوڕەوەی مێـژوو لـە پێـش بـۆ چ بـەرەو دوا کشـایەوە؟
هێـزی جـادووی پـارە بەخشـین کەوتـە دەسـتی بایـەوە
چەنـد کـەڕەت هـات، بای لە پێستی کـردی هـەر رووتایەوە!
بـۆ زمانـت تـێ ئەکۆشـی، چـۆن ئەچیـت بەملایـەوە؟

هەروەهـا بـۆی بێـژە توخـوا دەردی دڵ سـەر تـا بـە خـوار
مێشـکی پڕکـە، تێـی بگەینـە، زەبـری دەسـتی ئیسـتعمار
چۆن دەمـی بـۆ خـواردن بـەش کردۆتـەوە وەك گورگـی هـار
خۆی بەهـاودەردی ئەنوێنـی لـە بنـەوەش بـە چەشـنی مـار
عەهـد و پەیمانـی ئەشـکێنێ، ئەیگەزیـتن پـڕ بـە زار

شـارەزاییت تـۆ هەیـە رێگـەی نیشـاندە بـۆ دڵـم
سوێندم بـۆ خـواردووە، بەجـارێ چەشـنی تـۆق کەوتـە ملـم
گـەر بـە (نەمـام) خـۆی ئەناسێ، مـن لـە باخـی ئـەو گوڵـم
نۆکـەری ویـم بـا لـە ئیشـدا بـم رزێنـێ، هـەر زلم
بـۆ فەوتـان هـەم ئامادەیمـە، بەسـەرو مـاڵ و عیلـم!

مـن کـە مـەی ناخۆم هەمیشـە و قەت قومار ناکەم بە شەو
بـۆ شـتی هیـچ و پـڕ و پـووچ خـۆم دەنـا ناکـەم لـە خـەو
گـەر نەبینـم سـەد هـەزار جـار لازمـە بـۆ دەردی ئـەو
هـۆش و بیـری خـۆم هەیـە بـێ مێشـك ناچمـە داوی کـەو
تـێ ئەکۆشـم بـۆ (نەجاتـی) دۆلبـەرم بەدەسـت و دەو!

ئـەو بەبـێ خـەم وا لـە پاڵـی بـەردی کـەڕ لێـی نووسـتووە
وەك نەخـۆش بـێ، نائومێدبـێ، وا لـە جێـگا کەوتـووە
بـێ ئەمـەی گـوێ گـری لـە دەنـگ و باسـی دونیـا خەوتـووە
دوژمنـی بەدخـووی لەلانـە، نابینـێ کـووم کوشـتووە
گـەر بـە زار و چـی بـە نووسـین، لـەم دەمـا وام شوشـتووە!

کۆیە ١٩٥١/٣/١

# غەزەل

وەکوو ئاگر وا مانگ لە تاقی ئاسمان
ئەسووتێ لەبەر جەور و جەفای ئینسان
ئەمەندی ببیێ گریە و داد و فیغان
لە چینی بێ دەسەڵاتی بەستەزمان
کەوا هاوار ئەکەن لەدەستی زەمان

بۆچی ئاوا مانگ توخوا رەنگی زەردە
لێمان لالووت و گرژ و مۆن و مەندە!
لە جیهان دوورکەوتۆتەوە ئەمەندە
وەك گوناهبار لە دەوری زەمین بەندە
تۆقیوە لە دەنگی تۆپ و رەشاشان؟

بە پەردەی هەوری رووی خۆی پۆشیوە
وەك فڕۆکە وا لە هەوا فڕیوە
چۆن گوندۆرەی زێدە گەییو رزیوە
لەم دونیایە وا بێ کەس و هەتیوە
بێ دایك و باوك و خزم و دۆست و جیران!

ئـەی مانگ، منیش لەگـەڵ تۆدا یەك دەردم
بڕوانــە ڕەنگــی ســیس و ئاهــی ســەردم
لەشـی بـێ گیانـی سسـتی وەکـو بـەردم
بـەڵام هەرچۆنـێ بـێ ئەمـن هـەر مـەردم
گــوێ نادەمــە هــاڕە هــاڕی زۆرداران!

وەکــو تــۆ بێچــارە نیمــە لــە جیهــان
لەمــەردوم خــۆم ناپۆشـم بــەری بەیــان
تــا پێـم بکرێـت زگ ئەپێچـم لـە برسـان
سـەد بمکـوژن هیـچ ڕوو ناکەمـە گریـان
منیــش دەردم لەگــەڵ بەشــی فەقیــران

بــە خەتێکــی باریــك ئــەوەی بیزانــم
ئەنووســم بــۆ مێــژوو بەهێــزی شــانم
مــن (حــداد)م ئەتــۆش بمــدە ئەمانــم
وەرە (ئــەی نەجاتــی) ڕۆحــی ڕەوانــم
دەرێنــە (بیــرم) لــە ژووری ئەســیران

کۆیە ١٩٥١ /٣/٣

# هەتاکەی

کوردە هەتاکەی شێت و ناچاری؟
نەخۆشی و بەند و جەهل و هەژاری؟
هەتاکەی دیلی دەستی زۆرداری؟
جەلەو لە دەستی هێزی بەدکاری
هەرخەڵەتاوی ژەهری دۆلاری؟

بۆچ دەس ناگرن ئێوەش بۆخۆتان؟
کوێر ناکەن بەهێز، چاوی دوژمنتان؟
هەموو یەك پارچە، بۆ نیشتمانتان
بێنە مەیدانێ، چووکە و گەورانتان
سەربەستیی ئاو دەن، بە خوێنی گیانتان!

کاتی بێ هۆشی نەما، راپەڕن
بەرگی تەمبەلی کۆنتان دادڕن
لە ژینی تاڵ و ناخۆش بەرگرن
چاپووك و چالاك مافتان وەرگرن
هەموو خوێنمژی دونیا سەربڕن

دەوری زۆرداری بەسەرچوو، نەما
دوژمنی (ئاشتی) فەوتان، لەخەما
گۆپاڵی دەسیان لە ترسان چەما
نووزە و ناڵینیان دەرچوو لە دەما
(میللەت پەرستان) پێ کەوتنە (سەما)

تیشکی سەربەستی دونیای روناك کرد
پەردەی تاریکی و شەوی بەسەربرد
لە پێشکەوتنا بە شاقاوی ورد
بەسەر رووی زەمین کێو و ئاو و پرد
رۆیی هەتاکوو گشت خوێنمژێ مرد.

هێزی میللەتان ئیمڕۆ بە دەرکەوت
لە شەڕی (ئاشتی و خۆشی) بەسەرکەوت
دووبارە (پێچکەی مێژوو) بەگەڕ کەوت
هیچ ئاوڕ نادا لە راستی و لە چەوت
مرۆڤ پێش ئەخا، ناوەستێ لە رەوت

کۆیە/ نیسان/ ١٩٥١

# ئیمڕۆ

ئیمـڕۆ زۆر لاوانـی کـوردی بـۆ (مەعـاش) هـەوڵ ئـەدەن
بـۆ جلـی جوانـی بـە (کەشـخە) چـی خراپـە وا ئەکـەن
گـوێ لـە دەنگـی میللەتـا راناگـرن وەکـو گـوێ گـران
لاپـەڕەی مێـژووی خەباتیان گشت، لەکەڵـك و پۆ ئەخەن
رووی پیـرۆزی هونەریـان رەش ئەکەن وەکو رووی قەلێ
لای هەقـی هـۆزی ئەسـیریان بـۆ (مصالـح) بـەر ئـەدەن
ئـەو هەقـە راسـتەی کە گـەل داوای ئەکا بـەولای ئەنێن
بـۆ ئەمـەی دوور بـی لە گرتن، خۆ لەدەسـتی سـەگ ئەخەن
بیـری بـەرزی وانـە پـارە، یاخـۆ پـڕ بوونـە بـەری
هـەر کەسـێ ئـازادی هـۆزی ویست بە گوللە لێـی ئەدەن
هەرچـی نەرخـی پوولەکـی بـێ بیکەنـە قاسـە و بـەری
میللەتیـش بـا هـەر بناڵـێ، ئـەی دەخیل وام لـێ ئەکەن!
کـێ هەیـە گوێ گـرێ لە دەنگی، ئایا بـۆچ وای پێ ئەکەن
بۆچـی گەنجانـی ئەنێـژن، بۆچـی گەنجینـە ئەبـەن؟
لای ئـەوان سـەیران و بەزمـە گـەر گەلـی جـل دادڕن
بـا بـەگاز و تیخـە تیـژ لێـی دابـڕن گۆشـتی بـەدەن

بەس مەترسە، (ئەم کەسانە) ئیمڕۆ کەم و بودەڵەن
مـوژدە بـێ وا پێگەیشـتن لاوی چاکـت ئـەی وەتـەن!
پاشـە ڕۆژ بۆخـۆت و گەلتـە، کامـە جێـت کاولگەیـە
ئەچنـە ریـزی جەنـەت و بێسـتان و گوڵـزاری خوتـەن!

کۆیە ٢٠/نیسان ١٩٥١

# با وەکو شێر

بـا وەکـو شـێر بێنـە مەیـدان، پـەردەی تـرس دادڕێ
(گەر بەهێز و هەوڵی خۆمان هەق نەسێنین، نادرێ)
داری ئـازادی بـە نرخـە، دەس هەمـوو کـەس ناکـەوێ
چونکـە نـاسراوە کـە هەرگیـز بـەس بەئـاو ئـاو نـادرێ
پـارەی زۆری و دەوڵەمەنـدی ئیمـڕۆ کـە سوودی نییـە
(گەر نەڕێـژێ خوێنی گەش بۆی، هیچ کەسێ پێی ناکرێ)!
جـا کـە زانیـمان هەمیشـە دوژمنانـی دەسـت درێـژ
دەرچـن لـە وڵاتـا، نەمێنـن، دەسـت لەسـەرمان لادرێ
زۆر بەخۆشی و بەختیاریـی، گشـت لـە ئاشـتیدا ئەژیـن
هـەم لـە دیلی دەر ئەچیـن و کـۆت لـە ئەستۆ ناکـرێ!
سا ئەگـەر هـات و نەگونجـاو ئیستعمارمان دەرنەکـرد
ئـەو دەمـە پیـاوم ئـەوێ بـێ خـۆی لـە شـۆڕش راگـرێ!
هەرچـی تێکۆشـێ لـە بۆگـەل پیـاوی چاکـی پـێ ئەڵێـن
خۆ ئەگـەر کوژراش لەبـری هەق زینـدووە و قەت نامرێ
کـەس نەکـوژرێ وکـەس نەگیرێ هیچ هەقێك دەس ناکەوێ
(گـەر فڕۆکـەش ڕۆن و باتـری نەسـووتێنێ: نافـڕێ)!

ئێمـە نابـێ وا بزانیـن کـە بـە کوشـتن کـەم ئەبیـن
هێــزی میللیــمان بەتینــە و زۆرە هەرگیــز نابــڕێ!
گشت گەلێکی گـەورە و بچـووك سەربەست ئەبێ چونکـە بە گوڕ
ڕەوڕەوەی مێـژوو ئەسـوڕێ، بـێ ئـەوەی هیـچ بـادرێ!

کۆیە ٢١ی نیسان/ ١٩٥١

# بێ دادی

نیشتمان! داخی بە جەرگم ئیمڕۆکە چیت تووش بووە
بێ خەتا ڕۆڵەت لە مەفتەن بەندی دەردی سەر بووە
بێ خەو و خۆراك و لە شاخا لە خاکی ئەجنەبی
کەم نووین و بەرگە زوستان، بۆیە جەستەی ڕەق بووە
سست و بێ هێز و نەزان و ناتەبایە هۆی ئەمەش
دوژمنی بەدکار دوچاری دەردی پیسی کردووە
ئیستعماری نابەکار بۆ پوول و پارەی بەد هونەر
خوێن مژین بۆتە پیشە و میللەتیش تێك بەربووە
چی بەکەلکی خۆی ئەشێ لەگەلی چاوە و بۆ خۆشی
گەنم و جۆ یا نەوت و لۆکە و توتنیشی بردووە
بێ لەمانەش دەستی ئێمەی توند بە پەیمان بەستووە
پاشەڕۆژی میللەتیش لە پێچکەی شەڕ خستووە
لە هەر شوێنێ میسر و ئێران یا عێراق و کۆریا
هەر کەسێکی پەل بزێوی کردبێ زووی کوشتووە
جا لەبەر وەی ئیمڕۆ گشت کەس ئەم شتانە تێ ئەگاو
بیری ڕزگاری وڵاتان لە هەموو لا شین بووە

وا مەزانـە کـە نـەوەی تـۆش بـێ بەشـە و باکـی نییـە
وا بەپاکـی چوویتـە مەیـدان نامـرێ و هـەر زینـدووە
هـەم تەلـە و داوی بـە پێچـی خوێـن مژی خـۆی تێ ئەگا
کـە لـە دیلـی پەسـتە بۆیـە مەسـتی سەربەسـتی بـووە
تاوەکـو دوژمـن نەمێنـێ مـاڵ و سـەر پێشـکەش ئـەکا
هـەم حقوقـی خـۆی ئەسـێنێ، مێـژوو ئـاوای فەرمـووە!

کۆیە ٢٥/ی نیسان ١٩٥١

# فەرمان

هیممەتێ بکەن بۆ نیشتمانتان
جوان کەن بە گوڵ دیمەنی شارتان

جادە و کارەبای یەکجار پێویستە
هەتا رزگاری لە ژینی تاڵتان

باخچەی میللەت و سینەما بۆ گەل
چەند خۆشە لەگەڵ شێوەی بەهارتان

پاك و خاوێنکەن ماڵ و کۆلانە
تا سوود دەرکەوێ لە پیشەو کارتان
پێشخەن شاری کۆ و کورد و کوردستان
وا چاوەڕوانە هۆزی هەژارتان!
بچنە لای مەلا پێی بڵێن قوربان
رێگەمان راستە بە هەقی یەزدان
کوردیش لە زەمین خاکی خۆی هەیە
زەوتی کردووە، چینی خوێن مژان

بــە ســێ لا دابــەش کــراوە لەنێــو
تورکیــاو عێــراق ئــەوی تــر ئێــران
بۆچــی هــەر ســێ بــەش یــەك پارچــە نەبــێ
کــە پێــی بووتــرێ خاکــی کوردســتان؟
چاوەکــەم ئەتــۆش بــە گەلمــان کــەوە
مەبــە کۆســپێکی زل لەســەر رێ مــان!
ئینجــا بــە شــێخی بڵێــن: پیــاوی بــاش
بۆچــی هــەر ئێمــە بکەوینــە پــاش

پزیشــك و دەرمــان ئیمــڕۆ کــە زۆرن
چی بکەین لە نووشتە و کشتەکی بەلاش؟

یەکــی ناســاغ بــێ دەرمــان وەرنەگــرێ
چــاك نابێتــەوە گــەر بخوێنــی دوعــاش!
دەســا وریابــە، زەمــان گــۆڕاوە
مێژوو خوول ئەخوا هەرچۆن بەردی ئاش
کاتــی فێــڵ بــازی و ترســان بەســەرچوو
ئەجنــدە نییــەو تــۆش نەتمــا معــاش!
پێشــان زانســتی نەبــوو وەك ئەمــڕۆ
میللــەت بــێ نــەرخ و شــڕ بــوو وەك پــەڕۆ
بــەڵام ئێســتێکە بەهــۆش هاتــەوە
لــە خشــتە ناچــێ بەســەودای درۆ
ئیمپریالیــزم مــرد، بالیفتــان بــوو
تــۆش بــەدوای کــەوە، ئازابــە بــڕۆ

دەنـا میللەتـان زۆر بـە تەوژمـن
تێکـت ئەشـکێنن، چاپـووك وەك ئەمـڕۆ
یاخـۆت دەربازکـە بیـرت بگـۆڕە
بـۆ سـوودی گەلـت ببـە ڕەنجـەڕۆ!
بەئاغـاش بڵێـن: ئـەی خاوەنـی خـاك
لـە خـەو ڕاپـەڕە دونیـا بـوو ڕوونـاك
کاتـی زۆرداری و جەفـا بەسـەرچوو
هـەر نەفـام مەبـە، زۆر دەسـت و بـێ بـاك
ڕۆژهـەڵات لـە بـۆ جووتیارەکانـت
زەوی دابـەش کـە بەسـەریان چـالاك
وەرە مەیدانـی، خوتیـان بەگـەلخـە
بەدڵێکـی ڕوون و بـە دەسـتێکی پـاك
شـانت لەگەڵیـان بـدە بـەر ئیشـێ
بـۆ پاشـەڕۆژ و ژینێکـی زۆر چـاك!
بیـری یەکێتـی و هۆشـی ڕزگاری
پـەرەی سـەندووە لـە کـوردەواری
گەلمـان پێشـکەوێ، وەتـەن ئـازاد بـێ
هەمـوو دەربـاز بیـن لـە چەنـگ هـەژاری
ئەبـێ تێکۆشـین قوتابـی و فەقـێ
مامۆسـتا و ئاغـا لەگـەڵ توجـاری
کارگـەر و ڕەنجبـەر، پزیشـك و ئەوقـات
هـەم ئاسـنگەر و تیپـی نەجـاڕی
یەکپارچـە تێکـڕا ئەبـێ هـەوڵ دەیـن
بـۆ سەربەسـتی و ژینـی بەختیـاری!

کۆیە /٥/٥/ ١٩٥١

# ئیستعمار

ئـەی ئیسـتعماری مـل کەچـی شـۆڕ چـاو
بەسـە هەتاکـەی تـۆ نابیتـە پیـاو!

تاکـەی زۆرداری و خوێـن مـژی هەبـێ
تاکەی میللەتـان هـەر نـۆش کـەن ژەهراو؟

تـا چ ئەنـدازەك فەرمانـت ئـەڕوا
هەتـا چ رۆژێـك تـۆ ئەتمێنـی بـاو

بۆچـی میللەتـان بـێ دەسـەڵات بـن
بـۆ وەك منالّـی زار تـام شـیری خـاو

هـەر لەناڵیـن و رووت و برسـی بـن
بـرژاو بـن، سـووتاو، خنـکاو و کـوژراو؟

ئایـا تـۆش زۆردار، بەخـۆت نازانـی
کەیەکـەم بـەڵای هەمـوو گەلانـی

کەتــۆ ســەبەبی نەخوێنــدەواری و
هــەژاری و دەردی نــاو وڵاتانــی

کــە خــاوەن بیــری دووبەرەکــی تــۆی
هــەر خۆتــی کــە هــۆی لەهــەق لادانــی
کــە تێکۆشــەری بــۆ جــەر و جەفــاو
هەڵگیرســێنەری شــەڕی جیهانــی

هەم دەست لێدەری کاری خەڵکی تۆی
کـە وا تـێ ئەگـەی کـەس پـێ نازانـی؟

کــەری بــێ منطــق تــۆ وا مەزانــە
لەســەدەی بیســتەم خەڵکــی کەمزانــە

ئیمــڕۆ لــە هــەرلا ڕۆژی ئــازادی
ئەدرەوشــێتەوە بــەرزی ئاســمانە
کـەس گوێـی ناداتـە حوکمـی زۆرداری و
فەرمانــی پووچــی تەختــی شــاهانە
بـە وتـەی بـێ سوود کـەس ناخەڵەتـێ
ناوەســتێ لــە ژێــر دەســتی بێگانــە
کــوردو عــەرەب و ئیســلام و فەلــە
گشــتی یــەك پارچــەن ڕۆژی تەنگانــە
جــا بەتایبەتــی ڕۆڵــەی کوردســتان
لەگــەڵ عەرەبــا هەمیشــە بــران

چـەك ئاراسـتەکەری سـینگی بێگانـەن
بـۆ هـەق ناترسـن هەرگیـز لـە کـوژران
دەسـت لەنـاو دەسـتا لەرێـی ئـازادی
بـۆ دەرچـوون لـە ژێـر ژینـی وا گـران
بەرەنگاریەتـی ئیسـتعمار ئەکـەن
بـێ بـاك لـە حەپـەی بـەد و زۆر وەڕان
تاکـو هـەردوو گـەل رزگاری ئەبـێ
دوژمـن دەر ئەکـەن ئـازا وەك شـێران

کۆیە ۲۰/ ٥/ ۱۹٥۱

# جەفا و داد

فرمێسکی سووری لە چاو
ئەڕژایە خوار بە لێشاو

لەبەر دووری خۆشەویست
هەنگوینی لێ بووە ژەهراو

دوێنێ ئێوار لە باخی
لە ژێر دارێك بوو یاخی

مۆزیقە بێ کەلك بوو
لەبەر خشپەی چاچپاخی
سیپارەکی لەدەست بوو
وێنەی دیلی تێدا بوو

ئامۆزای ئافرەتەکە
زنجیر دەوری لێدابوو
زەرد و بێ هێز و باریك

دڵ غەمگینی چاوتارێك
تووشی بەندیخانە بوو
ئەوە لە ژینی جارێك
ئەمەش چونکەجارەکی
دی لە دەرگای مارەکی

زۆردارێکی تاوانبار
ئەیدا لە هەژارەکی
دڵی ئەوەی هەڵنەگرت
(هەق) داپۆشێ بۆ (چەوت)
تۆڵەی هەژارەکەی سەند
نەیهێشت (هەق) بکرێ زەوت
بەڵام کاربەدەستەکان
ئاغا و میر پەرستەکان
ئەو گەنجەیان بەدیل گرت
بنچینەی (داد)یان هەڵتەکان
لاوی وا پاك و نازادار
لە ژێر دەستووری زۆردار
تووشی دەردێکی وابوو
دڵ بۆی ئەبوو بریندار

لە ژوورێکا زۆر ناخۆش
کە لەگەرمان دێتەجۆش

رای ئەبوارد بەرۆژ و شەو
بێ تین و سست و نەخۆش.

ئەیخوارد هەر ژەمی یەك نان
پێی ئەخنكا لە تینان

نەشی ئەدی تیشكی خۆر
تەنیا مەگەر لەخەونان!
ئێواران وایئەزانی
نزیك بووە بەیانی
چونكە رۆژی نەئەدیو
بەهۆی دەردی گرانی

هەمیشە وای رائەبوارد
هەرچی خۆشی با نەی ئەخوارد

تا لەپاشان دەرباز بوو
تامی نەكرد ئاوی سارد
كیژەكەش ناڵەی ئەهات
بە شەو تاكو رۆژهەڵات
دونیای لە یاد نەمابوو
نە پوول نە گەنج و خەڵات
هەوڵی ئەدا رۆژ و شەو
لای نەبوو خۆراك و خەو

بـــۆ (ئـــازادی) ئامـــۆزای
ئەچـــووە لای ئـــەم و لای ئـــەو
ئـــەی هـــاوار ســـەدجار هـــاوار
(هـــەق) نەمـــاوە بـــۆ (هـــەژار)
(ئـــەو) لـــە (بەغـــدا) رزیـــوە و
(منیـــش) بـــێ تیـــخ (بریـنـــدار)
(ئـــەو) بـــێ گونـــاه و فەقیـــر
لەسەر (هەق) بـوو بـە (یەخسیر)
کـــێ هەیـــە دەســـت درێـــژکا
بـــە زۆر بـــێ یـــا بـــە تەگبیـــر
ئـــەم گەنجـــەم بـــۆ دەربێنـــێ
(کـــەوی قەفـــەس) بفڕێنـــێ
بشـــکێنێ شـــوورەی دیلـــی
(پـــەردەی جەفـــا) بدڕێنـــێ
بـــا گـــەورە و گچکـــە و نەمـــام
(گـەل) خـۆی (ئـازاد)کا تەمـام
چـــی تـــر (جەفـــا) نەکێشـــن
وەك کـــوورە ئاگـــری حەمـــام
کـەس نەمـژێ خوێنـی میللـەت
(هەمـوو) دەرچیـن لـە (زیللـەت)

بەختیار و کامەران
بژیـــن بـــێ دەرد و عیللـــەت
گشت کـەس کـە گوێی لـەوە گرت

وەك بەنزیــن ئاگــری گــرت
تێکــڕا (هەمــوو) ڕاپەڕیــن
نەوەســتان (هــەق) یــان وەرگــرت
رووخاندیــان قــەڵای زۆردار
لەهــەر لا هاتنــە ســەرکار
بەئاهەنــگ و بــە ســەیران
(کوڕە)یــان هێنــاوە شــار
فرمێســکی ســووری لەچــاو
کەتــە خــوارێ وەك لافــاو
لــە خۆشــی (ئازادیــی) گــەل
ژەهــری لــێ بــوو بــە شــەکراو
ئەنجــا ئاهەنگێکــی کــرد
ئامــۆزای خــۆی مــارە کــرد
لەبــەر (خۆشــی سەربەســتی)
بــە هیــچ دەردێکــی نەمــرد

کیــژە وتــی: چاوەکــەم
تــۆی دەرمانــی زامەکــەم

لەنــاو ئێــش و دەردی تــۆ
لەبیــر چــوو بــو (ناوەکــەم)

بــەڵام بــژی (هێــزی گــەل)
کــە زۆرداری کــرد پــەل پــەل

بەنــدی هەمــوو ئــازاد کــرد
بــێ بــاك لەلــوورەی (چەقــەل)
کــوورە وتــی پێــی نــاوێ
بدەیــن لــە هەمــوو ئــاوێ
مــەردوم ئەبــێ وریــا بــێ
نــەك بکەویتــە (داوێ)
ئەمــەش زۆر چــاك بزانــە
دوارۆژ هــەر بــۆ گەلانــە
(هێــز) خــۆی لــە بەرناگــرێ و
(بــەرەی هــەق) لــە ژیانــە!!

کۆیە ١٩٥١/٥/٢٩

# دڵ

سەرکز و مەلووول دڵم داماوە
چۆن کوڵی کوورەی خەڵووز برژاوە
بێ خۆراك و خەو مات و خەمبارە
بەهۆی ئاگری (گەلم) سووتاوە
بێ هۆش و نەزان پەلەپەل ئەکا
بەشێوەی کەشتی و گەرداو خنکاوە
بێ هێز و تینە، لانگەی لێوە دێت
ئایا شێتە، یا سەرخۆش کراوە؟
یاخۆ لە داخی خۆم یا هی گەلم
لە ئەرکی باری (دوژمن) کوژراوە؟
سەرم سووڕماوە نازانم ئایە
وەك (من) تێ ئەگەم، ئەم دەردە وایە!
راستە دڵی من لە دەردی میللەت
وەك شارەزا لێی شارەزایە!
خۆی ماندوو ئەکا و بیر ئەکاتەوە
بۆ تیمارکردن ئێجگار (وەستایە)!

یاخـــود ناچـــار و بـــێ دەســـەڵاتە
شـــێت و نەفـــام و مێشـــك پڕکایـــە
ئەگـــەر بەیـــەك جـــار (گـــەلم) بســـوتێ
باکـــی پـــێ نییـــە و لای وایـــە (بایـــە)؟
کەلێـــی ئەپرســـم بـــە وشـــەی کـــوردی
بۆچـــی وا سســـت و ســـاردی وەك بـــەردی؟
بـــۆ نائومێـــد و هـــەردەم دڵتەنگـــی
وەك گوڵـــی بـــێ ئـــاو سیس و رەنـــگ زەردی
زۆر بەتەوســـەوە ئـــەدا وەڵام
خـــۆم لـــێ پەســـت ئـــەکا و ئەڵـــێ بـــە مەردی
لەبـــەر ئێوەیـــە ئێـــش و ئـــازارم
(هـــەژاری) و جەهل و (غەدر) و زۆر دەردی
(خەرمـــان ســـووتان) و (بێ گوناه کوشـــتن)
(جەردەیـــی) و (دزی کـــردن) لـــە کـــوردی
بۆخـــۆی هـــەوڵ ئـــەدا هەرکـــەس لـــە ئێـــوە
بـــۆ (داگیرکـــردن) هـــارە وەك (دێـــوە)
جلتـــان گـــەرم بێ و چەور بێ خۆراك
گیرفانتـــان پـــڕ بـــێ و بەرچـــاو بـــێ شـــێوە
لەنـــاو بـــارەگا و باخـــی ســـەوز و ســـوور
بخـــەون و بخـــۆن ســـەد تـــەرزە مێـــوە
نـــەزان و برســـی و رووتـــی بەســـتەزمان
ئەژیـــن یـــا نەخـــۆ ئەچـــن بەزێـــوە
چیتـــان پێدایـــە و خەمـــی چـــی ئەخـــۆن
ئیمرۆکـــە (دارتـــان) بـــەری خـــۆی پێـــوە!!

وتــم راســت ئەكــەی قســەت تــەواوە
بــە زمانــی كــوردی (خۆر)یــش (هەتــاوە)
(ئێمـەش) بـە (مەردوم) خۆمان ئەناسین
بـەڵام وەك (دڕكیـن) دووریـن (لـەم نـاوە)
یەكێ (زۆردار) بێ و (دڵپیس) و (روو رەق)
(خوێـن مـژ) و (بەدخوو)كـەی ئەڵێن پیاوە؟
لەگـەڵ یــەك (خــوار و ناسـاز و بەدیــن)
بۆیـە (سەربەسـتی) و (ماڵـمان) فۆتـاوە
داوای (یەكیەتــی) و (ئاشــتی) لێكــردم
بیكەیـن بـە (ئامانج) دەرچین لـەم (داوە)!!

كۆیە ١٩٥١/٦/٢٤

# مێژوو

ئەمـەی هەیانـە بەسـیانە کـوردان
ئـازا و دەسـت بـڵاو لـە ڕێـی کوردسـتان
چەنـد هـەزار سـاڵێك رابـورد و نەمـا
کـە نەتـەوەی کـورد هەیبـوو لەو دەما
لـە کاتـێ گێتـی لەخـەودا بـوو
کـورد بـوو لـە دەریـای زانسـتی دابـوو
کـە شـارەزابوو لـە زەریـا و زەوی
بۆیـە نەیتوانـی هیـچ پێشـی کـەوێ
تەنیـا چارچییـە! دەسـتی زەمانـە
کـە بـە کـوردی کـرد پەرتـان پەرتانـە
خەڵکـی نەفـام و دڕنـدە و بەدخـوو
خاکیـان داگیرکـرد، کردیانـە سـێ و دوو
پیاویـان فۆتانـدن، ماڵیـان سـووتاندن
مناڵیـان کوشـتن، ژنیـان خنکانـدن
هەرچـی کـە خراپ و پیس و ناخۆش بوو
بـۆ ژێـر خـاك ئـەوەی ژیـر و لەجۆش بوو
بـەڵام دلێـر و قارەمانـی کـورد
زۆر بـێ تـرس و بـاك
لەکۆنـە چـاکـە
ئـەم خاکـە پـاکە
مێـژوو ئەیـزانی
تـۆی شارسـتانی
بـێ ئـاگا و خـەبەر
(لـە عالـەم بـەدەر)
هـەم جەنـگ و هونـەر
(مەدەنـی و تەتـەر)
گـورزی خـۆی وەشـاند
جەرگـی مـەی تەزانـد
ماڵیـان وێـران بـێ
نـەك جێـی شـێران بـێ
بـێ بـەزە و بـێ دیـن
بێـوە و دڵ خەمگیـن
بـەوانیـان کـردن
ڕەوانیـان کـردن

گیـــان و ســـەرماڵیان پێشـــکەش کـــرد
ســـووتا جەرگـــی دایـــك

لــە رێــی ئـــازادی و ژینــی سەربەســتی
خۆیـــان کـــرد قوربـــــان

خۆێنی گەشیان رژت بەخۆشی و مەستی
بەشـــیـــــری دەبـــــان

لـــە مێرگـــی ســـەوزا رژا خوێنـــی ســـوور
تێکـــەڵ بــــوو یەکجــار

بەخاکـــی وەتـــەن بـــۆ ئامانجـــی دوور
روا رەگـــــــــــــی دار

شـــێوەکی دڵگیـــر بـــۆ چـــاو پەیدابـــوو
لــــەو دەشــــت و دەرە

لاشـــەی هـــەزاران لـــە گـــۆڕێ مابـــوو
کوشـــتەی خـــەنجـــەرە

یەکێـك دەســت بـڕاو ئـەوی تـر بـێ سـەر
دوور لــە خــزم و کــەس

کــە نابـــەکاری دوژمنـــی بەدفـــەڕ
کوشتبووی بـە هەوەس

نەترســـان لەمـــە وازیـــان نەهێنـــا
یەکجـــــار مـــــەردانە

دوژمنیـــان دەرکـــرد بـــە فـــڕەی خوێنـــا
شـــێـــــرە کـــوردانـــــە!

زوبـــان و خۆیـــن و رۆڵـــە و بـــەرد و دار
هـــەم خاکـــی مەفتـــەن

بیروبـــاوەڕ و مێـــژووی جەوهـــەردار
وەك خـــــاڵی گـــــەردەن

لەدەســـت زۆردار و مەردومـــی دڵـــرەش
ئەســـتاندیـــــــانەوە...

لاپـــەڕەی مێـــژوو پـــاك بـــە خوێنی گـــەش
رازانـــدیـــــــــانەوە...!

کۆیە ١٩٥١/٦/٣٠

# سکاڵا

خەمگیـن و بێکـەس بـووم لـەم دونیایـە
بـێ دایـك بـووم بۆیـە باوکـم گۆڕایـە

کـە لەخـەو ئەبـم سـەر لەبەیانـی
چەنـد روو ئەبینـم هەمـووی سـەگانی

نـان و خۆراکـم پاشـماوەی خەڵکـە
بـۆ تەندروسـتیم بـێ سـوود و کەلکـە

جـل و بەرگیشـم کـۆن و دڕایـە
لام وابـێ لەدەسـت دەلال کڕایـە!

نوێـن و رایەخـم وەك جلۆکەیـە
دۆشـەگم کـرژ و نـاو بـێ لۆکەیـە!

گیرفانـم پاشـۆڵ کونـی پارەیـە
خۆشـترین (شـتم) بـەس جگارەیـە

کــە ورد ئەبمــەوە، هێنــد دەردەدارم
هەوڵــی دەرمانــی ئــەدەم ناچــارم

زۆر بــاش ئەگەرچــی ئەزانــم کــەوا
بەدەســت ناکــەوێ لەهیــچ لا دەوا

چونکــە هــەر دەرمــان لەبــۆ دەردێکــە
کەچــی بــەلای مــن هەمــووی دەردێکــە

چــاك ئەبێتــەوە نەخــۆش بــە پــارە
تەنیــا (دەردی مــن) زەبــری زۆردارە

نەســاخی خەڵکــی بــەدەن و زارە
بــەڵام (دەردی مــن) هــی ئیســتعمارە

ناخۆشــی خەڵکــی ئــەڕوا وەك هەڵمــە
(هی مـن) زۆر قورسـە لە جەرگـەی گەلمە
چییــە غەمــی دان پــارە و ماڵــداری
(دەردی مــن) جەفــا و جــەور و زۆرداری
ئــەوان حــەز ئەکــەن دونیــا هەروابــێ
منیــش ئەمەوێــت گــەلم ســەرکار بــێ

بــۆ خاییــن دوژمــن شــێوەی دۆشــەگە

لای من خوێنرێژ و دەست پیس و سەگە

ئەنجا چۆن ئێمە هەموو یەك دەردین
تێکڕا گرفتار یەك ئاهی سەردین؟

(ئەوان) زۆر دەست و دوورن لە میللەت
(من) بارگەی گەلم. ئەژیم بە زیللەت
لەگەڵ (هەژاران) دەنگم بە تێنە
لەسەر رێگەی راست چاوم پڕ خوێنە!
(جووتیارە) بۆنان داسوكەی دەستم
(رەنجبەرە) بۆ ئیش ئاسوكەی هەستم
پێشڕەومە لە رێ (کارگەری دڵپاك)
نیشتمان بەهۆی (ئەم) ئەبێ رووناك
هاوبیرم زۆرە لەنێو قوتابی
تێ ئەکۆشین تا دوژمن کۆتابی
پەیمانمان داوە بە گەلی هەژار
کە رزگار کەین لە چنگی بەدکار
زنجیری دەست و کۆتی بپسێنین
(مافی خوراوی) تەواو بستێنین
دوژمنی و کلك و نۆکەرەکانی
(سزا) دەین بە پێی (بڕیارەکانی)!
میللەت بەختیار و مەفتەن سەربەست بێ
(ئاشتیخواز) ئەبین، ناحەز پێی پەست بێ
بەربەرەکانی (شەڕ) ئەکەین بێ تاو

تـا (سـوودی ئاشـتی) ئەخەینـە بەرچـاو

ئینجــا یــەك تنــۆك (دەردم) نامێنــێ
ژێردەســتی و دیلــی مــەردوم نامێنــێ

خۆشــی و ئــازادی و ژینــی بەختیــار
پێـك دێـت بۆ چینـی (کارگـەر و جووتیار)!
ئاغــا و بــەگ زادە و میــران و زەنگیــن
گـەر خـۆ بـاش نەکـەن، ئەبـن دڵخەمگین
هـەم (خـاوەن مافـی) بـێ نـاو و هـەژار
هەقـی وەرئەگـرێ و ئەگاتـە سـەرکار!!!

کۆیە ٥/ی تەمووزی ١٩٥١

# بۆ...؟

بـۆ چـی کـوردم خـۆش ئـەوێ مـن، خـۆ لـە خۆڕایـی نییـە
خـۆ لەبـەر باخـی جـوان و کەوسـەریی ئاویـی نییـە
یـا لەبـەر خاکـی بەکەلـك و دەشـت و شـینایی نییـە
هـەم لەبـەر شـێوەی قەشـەنگی جێگـە و کانـی نییـە
چونکـە هەرکـەس میللەتـی خـۆی خۆش نـەوێ، جانی نییە.

***

کـوردە جـەوری لـێ کرابـێ، بۆیـە مـن خۆشـم ئـەوێ
کـوردە گـەر ژێردەست کرابـێ، بۆیـە مـن خۆشم ئـەوێ
کـوردە ئەگـەر جەرگـی بـڕا بـێ، بۆیـە مـن خۆشم ئـەوێ
کـوردە گـەر ماڵـی بـڕا بـێ، بۆیـە مـن خۆشـم ئـەوێ
کـوردە ئەگـەر خوێنـی ڕژابـێ، بۆیـە مـن خۆشم ئـەوێ.

***

بۆیـە کـوردم خـۆش ئـەوێ مـن، چونکـە ئیمـڕۆ زینـدووە
تێگەییـوە کـێ لـە دونیـا سـەروەتی وی بـردووە
کـێ لـە ژینـی سـەربەخۆیی و ڕاستی بـێ بـەش کـردووە
جـا بـە جارێ گشـتی یەك دەست، خۆی بە ڕێـگا کەوتووە
گـەر لـە خەباتـا بفەوتێـش، زینـدووە و نەمـردووە.

***

بـــۆ گەلـــی کـــوردی هـــەژارم چاوەکـــەم ئامانجمـــە
یـــەك زمـــان بـــێ خەڵکـــی شـــار و لادێ ییـــو و کرمانجمـــە
کوردســـتانم ســـەربەخۆ بـــێ، بێگومـــان قازانجمـــە
پـــاڵ بـــە پشـــتی ئاشـــتیخوازاندا نەفەوتـــی رانجمـــە
شـــان بەشـــانی میللەتانـــدا، بەیرەقـــی، جـــا تانجمـــە!

٢٤/تموز ١٩٥١- چۆمی یەحیا بەگ

# ئەی یار

من کوشتەی تۆمە ئەی یار     بۆ چارەم ناکەی؟
سووتاوم رووم تێناکەی     گفتوگۆم لەگەڵ ناکەی؟
ئەی یاری من ئەی یار     ئەی یاری من ئەی یار!
ئەی یار شێوەی من ئەتۆش     دڵ بریندار
بەند و زەبوون و بێهۆش     لەدەست زۆرداری
رووت و هەژار و نەخۆش     دڵ پڕ ئاگر و لەجۆش
ئەی یاری من ئەی یار     ئەی یاری من ئەی یار!
بێ هێز و سست و نەفام     باریك وەك نەمام
روو زەرد و چۆن ماهی تەمام     جوان و بەتام
چەند شیرین و نازداری     تۆش وێنەی من خەمباری
ئەی یاری من ئەی یار     ئەی یاری من ئەی یار!
ئێمە چۆن دڵخۆش ئەبین     تاکو شەڕ هەبێ!
چۆن بەسەربەستی ئەژین     ئاشتی گەر نەبێ!
شەڕ دەردێکی گرانە     پیشەی پوول پەرستانە
ئەی یاری من ئەی یار     ئەی یاری من ئەی یار!
جیهان چۆن بە بێ ئاشتی     خۆشی ئەبینێ؟؟
چۆن بەهۆی زەڕە و کاشتی     مەردوم ئەمێنێ؟؟

بۆمبـا و تــۆپ و فڕۆکــە
خـــاك ئەکـــاتە جلـــۆکە
ئــەی یــاری مــن ئــەی یــار
ئــەی یــاری مــن ئــەی یــار!
ئەوســا ئەبــێ تێکۆشــین
بـــۆ ئـــاشتی زەمیـــن
شــەڕکەران بخەینــە شــین
بـــۆی لێـــدەین کەمیـــن
ئەنجــا کارگــەر و جووتیــار
ئــازاد ئەژیــن و هۆشــیار!
ئــەی یــاری مــن ئــەی یــار
ئــەی یــاری مــن ئــەی یــار!

١٩٥١/٧/٢٨- چۆمی یەحیا بەگ

# دێ

چۆم و بەراو و کانی و سەرچاوە     خاك بە گوڵزار و جەنگەل پۆشراوە
روبار و کێو و رەز و باخی دار     هەمووی وەك زنجیر لە یەك خراوە
تووتن و ماش و برنج و هەرزن     بامیە و تەماتە و کاڵەکی مەزن
لەم دەشتە خۆشە تێکڕا رواون     لە لەوەڕ دایە مەڕ و گاو بزن
لە شینایيدا دەستەی کیژ و کار     سەربەست و دڵخۆش پێکەنین لەزار
رەنگین و نازادار وا رائەبوێرن     تووتن ئاو ئەدەن یا ئەکەن بژار
پاش دەست بەربوونیان چۆپی ئەکێشن     چونکە لەدونیا بێ ئاگا و ئێشن!
پەچە ناناسن ئەمەیان باشە     لە کوڕ ناترسن هەرچەند لەوێشن!
لەسەر خەرمانا جووتیاری دڵپاك     لەگەڵ سەپانا ئەنوون لەسەر خاك
لە ژێر تیشکی خۆر خۆ ماندوو ئەکەن     بە ئارەقەی روو ژین ئەکەن رووناك!
بەڵام داخەکەم یەکجار مەغدوورن     لە ژینی روون و رووناکی دوورن
نەخوێندەوار و نەخۆش و هەژار     زامدار و دیل و بەد و زەبوورن!
ئاغەی دڵڕەق و توجاری زۆردار     خوێنیان فڕ ئەکەن چەشنی گورگی هار
هەر بەخۆڕایی کاریان پێ ئەکەن     زستان و هاوین، پاییز و بەهار!
ژن هەڵگرتن و خەرمان سووتاندن     یا لاو کوشتن و ماڵ پێ فۆتاندن
پیشەو کاریانە، بێ شەرم و نامووس     خوێنیان فڕ ئەکەن بەهەڵخەڵەتاندن
جا وەك پیاوی ژێر ئەمانە ئەبێ     پشتی یەك بگرن گەر هۆشیان هەبێ

بـــۆ لەناوچوونـــی ئیســـتعماری پیـــس      بالیفـی (وانـه) هیـچ ترسـیان نەبـێ!
ئەمـه داواکـەن کـه بێتـه سـەرکار      نیشـتمانپەروەر نـەکا بریـندار
ئاشـتی بخـوازێ چـۆن گەلانـی تـر      ئەوسا هەمووـمان ئەبیـن بەختیـار!!

چۆمی یەحیا بەگ ١٩٥١/٨/١

# راستیی تاڵ

هەرکەسێ بۆخۆی نەکا ئیش، چاکە لەم چەرخە نەژی
عەیبە پیشەی نابەکارە دەست درێژی و خوێنمژی
بۆچی تۆ بێ شەرم و ڕووبی، دەست بەسەر من داگری
ئایە نازانی کە ڕەنجم کەلکی تۆ هیچ ناگری؟
بۆچی پێت خۆشە کە بێ ئیش خۆت بژی و ماندوو نەبی
میللەتیش بڕزێ لەکارا و هێشتا خاوەن دۆ نەبی؟
ئایە تۆ مێردی ئەوانەش وەك کەر و گاوانە لەلات
یانەخۆ وەك بەرد و دارن بۆ بناغەی ژێر قەڵات؟
چاك بزانە لەم زەمانە هەر کەسێك بۆ خۆی کەسە
ڕۆژی داد و یەکیەتی هات جەور و زۆرداری بەسە!
وا چرای پڕشنگی ئاشتی ڕوونە خاك ڕووناك ئەکا
هێزی میللەت توند و تیژە، شەڕکەران خەمناك ئەکا
ڕۆژی ڕەش بۆ دوو بەرایی و ناتەبایی تێپەڕی
ئیمڕۆ بانگی یەکیەتی گەر نایەتە گوێت، تۆ کەڕی!
(سیخوڕی) کردن بە پارە، یاخود میلەت فرۆشی
گەر ئێستەش چاوت لەدوو بێن، دیارە تۆ زۆر بێهۆشی

کـەس نییـە ئیمـڕۆ نەفـام بـێ، تـا لەرێـی هـەق لابـدا
گـەر هەبـێ، بـێ، تـا بەجـارێ هێـزی گەلمـان بـای بـدا
چەکـی دەسـتی شـەڕ فرۆشـان بچنـە ریـزی بـەردودار
ئێمــە لانادەیــن لەرێــگا و ئەڕمێنیــن قــەڵای زۆردار

چۆمی یەحیا بەگ ١٩٥١/٨/١٥

# جەژنی قوربانە

رۆژی ئاهەنــگ و بــەزم و ســەیرانە
هەمیســان جەژنــە جەژنــی قوربانــە
بــۆ قــوورِ بەســەر و هــەژار و هەتیــو
شــێوەی قەلبــەزە لەبەرگــی رەزیــو
بــۆ زەنگینــەکان بــە چەنشــی بەهــار
ئەڕازێتــەوە گــوڵ و بــەرد و دار
پــڵاو کوشــین و بەرگــی شــاهانە
خانووشــیان روونــاك چــۆن چراخانــە
دڵخــۆش و رووســوور، باخــەڵ پــڕ پــارە
ســەری ئەســوڕمێ، بەشــەر لــەم کارە
ئاسوودە و بێ خەم رۆژ ئەبەنە سەر
لــە دەردی هــەژار بــێ ئــاگا و خەبــەر
هــەر پێکەنیــن و خواردنــەوە و قومــار
لــە دیوەخانــە و نــادی یــا لــە مــار
منداڵیــان پۆشــتە ئەچنــە بــازاڕی
بــە دەعیــەو لەنجە ئــەڕۆن لــە شــاری

هەر گاڵتە ئەكەن بە رووت و برسی
دڵیان نەبوون و كورتی و ناپرسی
لای ئەوان بەزمە گەردوونی بێخەم
چونكە بێ ئاگان لە زۆر و لەكەم
بە جلوبەرگی شێك لە چەرخ و فەلەك
ئەكەونە سەریەك وەك كوچك و كەڵەك
پوختەی وتارم دونیا بۆ وانە
بێ پاشەرۆژە چینی ئەوانە
كلكی دوژمن و خائینی گەلن
زۆر دەست و خوێنمژ پیس و تەمەلن
جا: چی هەژارە لە نێو كورێتان
گرمە گرمی دێ! وەك هەوری نیسان
هەمووی پەشۆكاو بێ پوول و پارە
هەریەك لەمانە لەخۆی بێزارە
مناڵیان رووتن، ناو زگیان بۆشە
بۆیە دەردی وان سەخت و ناخۆشە
كە هەست رائەگرن لە دەر و جیران
پڵاو بۆن ئەكەن لەماڵە میران
ئەكەونە گریان، دایە برسیمە
ئاخۆ باوكە گیان: من بەشەر نیمە؟
باوك پێی ئەڵێ: كزەی جەرگانم
ئایا كە من خۆم سەی بەر دەرگانم!
هەژار و رووت و برسی و ماڵ وێران
بێ نەرخ و گوم بوو لەگەڵ فەقیران

پێویستە ئەتۆش وەك من بمری
ناوونیشان و نەرخی من بگری؟
تۆ رۆڵەی گەلتی پێوەی بنازە
(حقوق انسان) بۆ تۆ (مجازە)
ئیمڕۆکە رووت و برسی و پارەی
ئارامت هەبێ، ئێستێ لەم بارەی
بۆ تۆ پاشەرۆژ وەك رۆژ رووناکە
خراپە مەگرە، و خوو بدە چاکە
بە هەژاری خۆت دڵخۆش و مەست بە
بۆ سوودی گەلت رەنجبەر و خەست بە
مێژوو ئەسووڕێ دونیا وانابێ
(جوجکە تا ئەمرێ لە کۆریت نابێ).

١٩٥١-١٩٥٢

# جووتیارم

هێنده شێواوم، نرخی من ئەبێ چی بێ لە جیهان
بەچیم ئەژمێرن، ئایا دڕندەم یانەخۆ ئینسان؟
بەناو جویتارم، تەنیا بەراستی بێ جووت و گامە
بێ ئاو و زەوی بێ داس و گاسن، هەم بۆ تۆو بێ دان
خۆم و منالم رووت و بێ بەرگن، جانگی دراوە
پۆشینی لەشمان لە جەژن و لە شین هاوین و زوستان
لەگەرم و ساردی بێ پارێزەرین لە ژووری کۆریت
ئەژین رۆژ و شەو ئەخۆین و ئەنووین بێ دەرگە و بێ بان
گەلێ جار وایە بێ لە رەمەزان بە رۆژ و ئەبین
چونکە نامان بێ لەخواردەمەنی نە چێشت و نە نان
چەند چاو بگێڕین، سەرو بن کەین ماڵ هیچ نایەتە ڕوو
منالی ساوام ناچار ئەبن جا بگرین لەبرسان!
رۆژێ ژەمێ (چا) لەبەر نەبوونی، نامان بێ بەلام
ئەستوورك و دۆشاو ئەمەش زۆر کەمە ئەکەینە زگمان.
لە خوێندەواری و زانین بێ بەشین، لەشارستانی
دوور و جێماوین، بووینە پاشەنگی کاروانی گەلان

لـە ژینێکـی تـاڵ خۆزگـە بـە مـردن وا مەلـە ئەکەیـن
بـەڵام دەرناچیـن لەتـاڵاوی گـوم لـە ژێـر پێـی ئاغـان
بـە درێژایـی ساڵ تێـر نابیـن لەخـەو بـە چەشنی ئالـەت
لەسـەر رووی زەوی، ئەکەوینە گەڕ، بێ پشـوو وەسـتان
دژی ئــارەزوو، یــا بــە زۆرداری، چــۆن بەکرێگیــراو
بـۆ سوودی ئاغـا و زیانـی خۆمـان، ئەدەیـن رەنجی شـان
خەرمـان سـووتان و رێگـری ئەکەیـن، زۆرکـەس ئەکوژیـن
لەشـەوە زەنـگا بـۆ دزی ئەچیـن، بۆچـی؟ لـە ترسـان
بەڕاستی ئێمە (دیلی زەوی)نە، دوور لەسـەر بەسـتی
بـە سـەختی ئەژیـن زنجیـر لەپێـدا لە ژێر دەسـتی وان
چەشـنی کـەر و گا: هێنـدە بـە سووکی، سـەیرمان ئەکـەن
وامـان تـێ ئەگـەن بـێ دەسـەڵات و بێ هێـزو نەزان!
وردە کرمـی خـاك، یامێشـوولەی چـەم، لەمەش بەڵاتر
باوەڕیـان وایـە: بـۆ هـەژار نابـێ (ئـازادی و ژیـان)!
ئێمـەش بـە هوێ وان گەورە و بچووکمان زەرد ونەخۆشین
هـەژار و بێهێـز، نەفـام و بێڕێـز، ماویـن لـە جیهـان
ئارەقـەی روومـان، تینـی بازوومـان، هـەم خوێنـی جگـەر
ئەچۆڕێتــەوە و بەلاشــی ئەبــەن، چینــی زۆرداران.
هەوڵ و تەقەلا و رەنج و تێکۆشان بێ کەلك و پۆیە
لـە بـەری خۆمـان بێ بەشمان ئەکـەن توخمی خـۆ خۆران
لـەم رۆژە گەشـەی روو لەبەرزییـە بـۆ بەختـی هـەژار
ئەتۆقـن بۆیـە چـاو هەڵناهێنـن لـە تاریکـی دان
تیشـکی ئـەم رۆژەی دەرئەخـا نەرخـی جووتیـار بـۆ مێـژوو
هـەق ئەدرەوشێنێ، ئەڕمێنـی قـەڵای شـەڕ لە ژێـر پێمان.

کۆڵەگەی ژینە جووتیار لە زەمین، پێی ئاگادارین
«بەرەنجی ئێمە دونیا ئەسووڕێ»! راستە بێگومان
تەنیا پێویستە دەستی یەك بگرین لە رێی رزگاری
شان بەشانی یەك، هەر بۆ پێشەوە ... بڕۆین وەك شێران
وەك چینی میللی راپەڕین لە خەو، تاگەل بێ ئازاد
«بمری داگیرکەر، شەڕ کەری بەدفەڕ، بژی کوردستان»
«نەمبینی لە بن جەفاو زۆرداری، جەور و خوێن مژین»
یا بەند و دیلی و دزی و کوشتن و سووتانی خەرمان
جا رۆژی مە بێ، بگەینە سەرکار، کارگەرمان لە پێش
تا ئادەمیزاد لەخۆشی ئاشتی بکەوتە سەیران!

چۆمی یەحیا بەگ
١٩٥٢/٧/٢٣-٢١

# کیژێکی هەژار

لـە رۆژێـکا وەکـو لافـاو و تۆفـان
وا ئەهاتـە خـوار تـەرزە و بەفر وباران
وڵات گشتی بە چەشنی رۆژی جەنگ بوو
لەبەر شەوقی بروسکە و گرمەی هەوران
هەتـا ئەژنـۆی لەقوڕدابـوو، داخەکـەم
لەپێـی ئەتـکا (شـل و چلپـاوی داران).

***

بە پێ خاوسی و سەری قۆت و لەشی رووت
کەوتـە بەرچاوم بـە رەنگـی بـەرد و بووت
لـە شێوەی گوڵە زەرد، چۆن مانگی چواردە
بەدیمـەن داری رەقن لـە نەبوونـی قـووت
شـایانی گریـە بـوو، بەدەنـی پاکـی
هـەم بـە سۆز و دڵگـر رێکـی دەم و لـووت

***

چوومە لای، لێم پرسی... لە پیشەو کاری
لـە گـوڕ دەرپـەڕی فرمێسکی هـەژاری

گوتـی: کوێـرە، دایکـم باوکـم کـوژراوە
(مـن) بوومـە بـەداوی ژینـی خەمبـاری!
لـە کۆمـەڵ بـێ کەسم بـۆ یاریـدەدان
لەخەونیـش نەمدیـوە جەمێکـی تێرنـان
خـووی گـەلم گـۆڕاوە، چەنـد چاوەڕوان بم
خۆڕایــە، مــردووە (زەمیــری ئینســان)!
چـۆن داوای یارمەتـی لـەم کەسانە کـەم
کـە ئەمـرن بـۆ خوێنـی مـەردووم لـە تێنـان؟
***
هەرکەسێ لـەم چەرخـە بـێ دەسـەڵات بێ
یـا کوشـتەی دەربەدەربوونی وڵات بێ
یـا هـەژار، یا نەفـام، بێ پشـتیوان بێ
یانەخـۆ بـۆ (گـەوران) پووچی خـەڵات بێ
تەماعـی تـێ ئەکـەن، بـۆ هەمـوو دەسـتێك
پێویسـتە بـە وێنـەی (گۆشـتی مـاڵات بـێ)!
***
حوکمـەت و قانوونـی بێ کەڵکن وەك مین
بۆهـەژار لەبـاوون: گۆچانــی زەنگیـن

هەرسێکیان پێکـەوە چەشنی گورگـی هار
بـە گیـرەی ئاسنین ... یا نـووزەی ڕەنگین!
پیـس تێـمان بەربوونـە، چـۆن بەرخـی دونـگ تـەڕ
چەورمــان لــێ ئەگــرن. ئێمــەش بێدەنگیــن!

***

گەر داوای (هەق) بکەیـن دین ئەکەوتە کار
بـە ترسـی گاوربـوون زوبان ئەکـەن بار
کـە (ئایین) بێ سـوود بـوو لەچاوی زۆردار
(قانونـی مصالـح) ئـەگرێ هەمـوو زار
ئەنجـا کاربەدەسـتان بەهێـزی جانـدار
لــە ژووری بەندیـدا دار ئەخەنــە کار

***

بەنـاوی (کۆمیۆنیسـت) ئازارمان ئەدەن
چۆن پشـکۆی ناو ئـاوی بەسـەردێ بەدەن
لێـدان و (تعـرض)، نینـۆك دەرهێنـان
(پـێ لێنـان) یانەخۆ: پەتـك لـە گـەردن
لـە تـاوی ئێـش و ژان وامـان بەسـەر دێ
بـەدۆزەخ تـێ ئەگـەی (بەهەشـتی عـەدەن)

***

ئینجا گـەر ئەتـەوێ کولەکـەی برینم
لەبـارەی دڵتەنگـی، پرسـە لـە ژینـم
بـا بڕۆیـن بـۆ ماڵـم، خۆراکـمان تامکـە
بڕوانــە لانــەم و چــاو دە نوینــم
بمبەخشــە لەســاردی و لــە کێــچ و ئەســپێ
لــە رووتــی و ناپاکــی و ناڵــە و گرینــم!

***

تەنـگ مەبـە لە بۆنـی نەخۆشی دایکم
یـا لیرخـەی وەرەمـی نـاو سـیپەلاکم

ببــوره لــە ڕۆڕۆی مناڵــی برســی
لـە قرچـەی ددانـی خوشکی خەمناکـم
لـەم ژینـەم، مەپرسـە، کـە چۆن بـەر ئەگرم
بــە دوارۆژ ئەنــازم: بۆیــە بــێ باکــم!؟

بایزبەگ ١٢/ ئەیلول ١٩٥٢

بایزبـەگ: هاوینەهـەواری خانـەدادی مامۆسـتا ئاسـنگەر بـوو لـە چـل و پەنجاکانـی سـەدەی رابـردوو. هاوینـان بـۆ چەنـد مانگێـك لـەم شـوێنە بەسـەرمان دەبـرد. بایزبـەگ کەوتۆتـە نێـوان چیـای سوسـێ و چیـای سـەفین لـە رۆژهەڵاتـی شـاری هەولێـر.

# هەولێر

بە بۆنەی دووبارە رێگەدانی رۆژنامەی (هەولێر)ەوە دانرا، لە دەوری گۆڕبەگۆڕا، کەچی هەمیسان رێگەی گیراوە و یەك دانەی لێ دەرنەچوو

لـە شـەوەزەنگی تاریـك و پـڕ خـەم
بڵێسـەی (هەولێـر) هاتـەوە بەرهـەم
دەمـێ بـوو ون بـوو چـرای زانسـتی
بۆیـە خنکابوویـن لـە ژینـی پەسـتی
تروسکەی هیـوای ئاسـۆی روونی بیر
بەدەستی ناکـەس، لە زانـا و لـە ژیـر
تاکـەی بلـەرزێ؟ بۆچـی بـێ هێـز بـێ
بـۆ دەسکەوتی رەنج نـزم و بێ رێز بێ
هەتـا کام سـنوور گەردوونـی چەپگەڕ
هەڵئەکروزێنـێ دەروون و جگـەر
لـەڕاددە بـەدەر پەنجـەی نەفامـی
لــە نــۆژەن ئــەدا بریــن و زامــی
لادێ رۆشـەنبیر، کـەی رەوای هەقـە
کـەی (خامە) دۆستی خەوی بەرشـەقە؟

نەشیاوە باخی بێ گوڵ ڕەنگین بێ
یا دڵی قرچۆك تێر و زەنگین بێ!
چۆن گەلی زیندوو بێ نامەو گۆڤار
ئارامی ئەبێ و ئەچێتە سەرکار؟
کاروان لەرێگا پێشەنگی هەیە
(ڕۆژنامەی هەولێر) رێ زەنگی مەیە!
سەردەمێ کز و بێ دەنگ و ئاواز
لە جەرگەی شەودا کلۆڵ و بێناز
لەدووری قۆناخ، لەژێر باری ژەنگ
رووی کردە مردن: نە دەنگ بوو نە ڕەنگ!
کاسەی جوامێر و کۆمەڵی زانا
تاسا، دڵ تەزی لە کوڵی ژانا
دەستەی خوێندەوار بە واقی وڕی
چاپوك، مەردانە چوو تێی ڕاخوڕی
لە خەوی شەرم و ترسی ڕاپەڕاند
هۆی دەرنەچوونی لە جەنگدا بەزاند
ڕێگەی ڕوناك كرد، هێنایەوە گەڕ
زاڵی کرد بەسەر دوژمنی بەدفەڕ.
ڕۆژهەڵات بەهۆی (هەولێر)ی هەولێر
دەك پیرۆزت بێ: ئەی کوردی دلێر
وا ئەستێرەی گەش لە ئاسمانی شین
ئەدرەوشێتەوە بەسەر رووی زەمین
هیوامان وایە ئەمجارە تاسەر
(هەولێر)ی نەمر بۆ گەل بێتە بەر

کـەس نەرەنجێنـی، کـۆڵ نـەدەی نەکەی،
نەکـەی بوەسـتی، بـاڵ نەخـەی نەکەی.
هـەردەم ئـارەزووی رەوت و بەرزیی کەی
لــە تێکۆشــانا دڵ لــەرزی نەکــەی!
خـۆت رۆژی کەلـی ئاسـۆی کوردانــی
گوڵاڵــەی ســووری باخــی مەردانــی
هــاواری گەرمــی دڵ بــە ئاواتــی
نــزاری مانــدووی رێگــەی خەباتــی
پاکیـت، سـامناکیت، دوشـمنت کـۆرە
راسـتیت، بێ تاکیت، رۆشـناییت زۆرە!
بەخێربێیتــەوە بەنیــازی دڵان
نرکــەی شــێرت بــێ و رازی بولبــولان!

# وەرە لام بژی

لە وێژەی رۆژئاواوە | وەرگێڕانی: مەجید ئاسنگەر
نووسینی: Cristopher Marlowe (کریستۆفەر مارلۆ)
بەشێکی لە لایەن باکوورییەوە بە گۆرانی تۆمار کراوە

وەرەلام بــژی، خۆشەویســتم بــە
جــا شــادیی بــۆ دڵ جێبەجــێ دەکەیــن
گــرد و شــیو و دۆڵ و بــەراوو و زەمەنــد
کێــوە بــەرزەکان: ملیــان کــەچ دەکەیــن
لەســەر شــاخەکان لــەوێ دەنیشــین
لەپــاوان بینیــن لــە نێــو مــەڕ شــوان
لــە رۆخ روبــار و مێرگــی ســەوز و شــین
***
مــەل ئەچریکێنــی بــۆ ســوولی ئــاوان
لەوێــت بــۆ دەکــەم: جێــگا لەگوڵــزار
لــە بــۆت دەپێچــم هــەزار چەپکــی گــوڵ
بەرپیــل و ســەرپۆش لــە گوڵــی بۆنــدار

نەخشـاو بەپەلکـی رەیحانـە و سـونبول!
کراسـێ سـەرتاپەی لـە نەرمـە خوریـی
ئەیبرمـەوە بـۆت لـەکاورە مـەری
***
هەیاسەت پـووش و خونچـەی لاولاو بـێ
گـرێ گەوهـەر و کـون کەهرەمـان بـێ
بـۆ ئـەم شـادییە: تـۆ دڵنـەرم بـە
وەرە لام بـژی: بـە دڵبـەرم بـە!
قاپـی زیوینـی خواردەمەنیـی تـۆ
هـەر خـوا دەیزانـێ چەنـد بـە نـرخ ئەبـن
رازاوە لەسـەر مێزێکـی عـاج بـۆ
***
مـن و تـۆ گشـت رۆژ ئامـادە ئەبیـن
گەنجانـی لادێ ئەکەونـە چۆپـی
تـا تـۆ، بەیانـی ئـادار، دڵخـۆش بـی
بـۆ ئـەم شـادییە، سـا دڵنـەرم بـە
وەرە لام بـژی و بـە دلبـەرم بـە!!

بەغداد: دارالمعلمین العالیە- الثانی لغات ١٩٥٣

# گۆرانیی ئاه ناجان...

نووسینی: سۆمەرسێت مۆم

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە مەجید ئاسنگەر

کیـــژێ وەســـتاوە لـــە گردێکـــی دوور
ئەزانـــم کێیـــە، یـــا دەیناســـم؟ نـــا
ئەچـم ئەخـوازم رووی وا گـەش و سـوور
چـی ئەبـێ وەرام؟ یـا بەڵـێ. یـا، نـا
ئـاە ناجان، ناجان، ناجان، نـا. ناجان، نـا.
باوکـم لەئـوۆردو نیشـان بـەرز بـوو
سـی رۆژ لەمەوبـەر، روویکـردە دەریـا
بەسـۆز ماچێکـی لێکـردم. کەچـوو
فەرمـووی: لـە وەرام هـەردەم بێـژە: نـا
ئـاە ناجان، ناجان، ناجان، نـا. ناجان، نـا.
گیانـە، وا جوانیـی ئەدرەوشێ لـە رووت
لەبـت وەك خونچـەی گوڵـی بەهـارە
بـا لـە دڵداریـی ئێمـە بیـن بـە جـووت
گیانـە، بـا، یـا نـا، کامیـت لـە زارە!؟
ئـاە ناجان، ناجان، ناجان، نـا. ناجان، نـا.

گیانــە ســەرتاپات بــۆ دەکــەم لــە زەر
سەروســامانم بــۆ تــۆ بــێ هەمــوو
بەرگــی زیوینیــت پــێ دەکەمــە بــەر
گیانـە، ئەوسا تـۆ بەمـن ئەکـەی شـوو؟
ئـاه ناجـان، ناجـان، ناجـان، نـا. ناجـان، نـا.
گیانــە، کــەوا تــۆ دڵ وێنــەی بــەردی
لــە مــن بێزاریــی و قێــزم لــێ ئەکــەی
گــەر نەبمــە یــارت، ســا، تــا بەمــەردی
بــڕۆم، ئەتوانــی قەدەغــەم نەکــەی!
ئـاه ناجـان، ناجـان، ناجـان، نـا. ناجـان، نـا.
کەوابــوو لای تــۆ ئەمێنــم تاســەر
کــەی زانیــم هەســتم پــێ ئەکــەی
جـارێ بڕیـارم داوە هـەر تـۆم بـێ دولبـەر،
حــەز ئەکــەی تێکــڕا بیگــۆڕم، یــارێ؟
ئـاه ناجـان، ناجـان، ناجـان، نـا. ناجـان، نـا.
وا سروەی شــەماڵ دەهێنــێ ئــاواز
نایـەی بمخـوازی تـا بژیـن بـە جـووت؟
یــا نیــازت وایــە گیانەکــەم، بــە نــاز
تەنیـا و بـێ دلەبـەر تـۆ بـژی بۆخـۆت؟
ئـاه ناجـان، ناجـان، ناجـان، نـا. ناجـان، نـا.

بەغدا ١٩٥٤/١٢/١٦

# سكاڵای دڵ

سـەرزەمین سـەیری بەهـارە، بەرگـی سـەوزی کـردە بـەر
وا لـە جەژنـی شادی مەستە: دار و بـەردی دەشت و دەر
مەرگــی ســەختیی و رەشــەرۆژی بەفروبارانــە: وەرە
هەڵمـژە عەتـری گوڵاڵـە و بیخـە سـەر پۆشـینی زەر!

***

یـادی دڵداریـت لەبیـر بـێ وەك نەمـام بۆت شین بوو پار
گیانــی شــیرینت لەدڵمــی گوڵشــەنی فەســڵی بەهــار
پنجی هەڵدابـوو کـە ئێستە باخـی وشك و بێ هـەوای
بــۆ وەرەم خاکــی بەتۆیــە و بــێ ئومێــدە و دەردەدار!!

****

رووی سروشـت سـەیرە بەهـارە و لـە چلـەی زسـتانە دڵ
تــۆ لــە ســەیران و زەماوەنــد، مــن کــەوا وێرانــە دڵ
بەرگـی رەش دەرمانـی دەردی ژینـی بـێ نەرخـە، ئەگـەر
دامــدڕی دیتــت لــە مــردن دایــە - وا بیزانــە دڵ -

بغداد – دارالمعلمین العالیه - الثالث - لغات
١٩٥٤/٤/٢٠

# بەهار

«بەهـــار» هەڵســە تێکۆشــە
خـــۆت بـــۆ گەلـــت بفرۆشــە
گـــڕی ئاشـــتی لـــە جۆشــە
تەنیـــا میللـــەت پەرۆشـــە
«نەخۆشـــی نـــان لەکۆشــە!»

***

ئەتـــۆ خوشـــك و مـــن بـــرا
لـــەم رێگـــە بووینــ بـــە چـــرا
شـــەڕکەر دەهۆڵـــی دڕا،
ژینـــی ژێردەســـتی بۆشـــە
ســووتان لـــە خەبـات خۆشـە!

***

ئاشـــتی هاوینـــە و بەهـــار
شـــەڕ زســـتانە و گورگـــی هـــار
جیهـــان ئـــەدا بـــە قەهـــار
گـــەل بـــە کرمـــی نەخۆشـــە
بـــۆ ئاســـایش سەرخۆشـــە

***

ئاشــتی داری بــە بــەرە
رێــی ئــازادی بەشــەرە
رونــاك و بــێ خەتــەرە،
مێرگــی گوڵــی بۆنخۆشــە
بــۆ هەمووانــە و بــۆ تۆشــە!

***

بۆمبــای ئەتــۆم ئایدرۆژیــن
کــە ئەپرژێــن بــێ پەرژیــن
ئەبنــە قانــدری ســەرژین
ســا بــۆ (مەنعــی) تێکۆشــە
(شــیلەی ئاشــتی) بنۆشــە!

چۆمی یەحیا بەگ
١٩٥٤/٨/٢٦

# حەیفە بۆ مردوم

حەیفە بـۆ مـەردوم دڵ پڕ لـە کیـن بـێ
خۆشـکەری گـڕی شـەڕی زەمیـن بـێ
زۆردار و خوێنرێـژ، چـاو برسـی و چڵێـس
دۆسـتی شـەڕخواز و چەکـی لەعیـن بـێ
گۆچانــی دەسـتی دوژمنــی میللــەت
لـە رووی ئـازادی و ئاشـتی پەرژیـن بـێ
کـۆت و زنجیـری خەڵکـی بـێ تـاوان
کرمـی نـاو جەرگـی هـۆزی شـیرین بـێ
بەپێچەوانــەی ویسـت و رای گــەلان
هـۆی ناتەبایـی و تـرس و لەرزیـن بـێ
حــەزکا بــە ناڵــە و رۆڕۆ و لەخـۆدان
حـەزکا نەتـەوەی هـەردەم لەشـین بـێ
حــەزکا چینـی خـۆی باوێتـە شـادی و
زۆربـەی جەمـاوەر شـڕ و خەمگیـن بـێ
تیـژکا بـۆ مـردن تیخـی ژەهـراوی
هاوڕێـی فۆتـان و دوشـمنی ژیـن بـێ

بـۆ جەنـگ تێكۆشـێ، جەنگـی ئەتومیـد
نەبـادا گوڵـی ئاشـتی ڕەنگیـن بـێ
هەوڵـدا وڵات هـەرزان بفرۆشـێ
نـەوەكا (ئاغـا)ی تووشـی كەمیـن بـێ
بـێ دایـك و بابـكا كۆرپـەی نـاو لانـەك
تـا نەشـێ هۆشـی لـە پێكەنیـن بـێ
بـۆ ئـاو بـۆ زەوی بـۆ جوانـی سروشـت
بێتـە ناحـەز و دەردی پـڕ تیـن بـێ
یـا بـۆ كـەژ وكێـو، مەلـی خـۆش ئـاواز
شێوەی (مەرگـەوەڕ) بۆ (مـەم و زین) بێ
بەگـژی مەكتـەب و خوێندنـدا بچـێ
نـەك گـەل خاوەنـی عیلـم و زانیـن بـێ
نیـاز بخـوازێ لـە جەهـلا هـەژار
بـڕزێ و گرفتـار تـۆی نەفامیـن بـێ
بـێ خـۆراك و خـەو، لـە داوی بێـگار
دەرنەچـێ و كۆیلـەی ئاغـەی بـێ دیـن بێ
ڕووت و نەخـۆش و بـێ هێـز ولاواز
هـەردەم قـەرزاری دەرمـان كڕیـن بـێ
بـۆ ژینـی بـێ سـوود لـە ڕژێمـی ڕەشـدا
دووچـاری دزی و كوشـت و بڕیـن بـێ
لاوانـی خولیـای دوارۆژن بەشـیان
جەوانەرگیـی و لەخوێـن گەوزیـن بـێ
كیـژان پیشـەیان: بـۆ بـاوك و بـرا
قـژ ڕنینـەوە و یاخەدڕیـن بـێ

یــا، بــە دەســگیرن لــە جێــی زەماوەنــد
بــۆ مەرگــی ئازیــز لــە رەشپۆشــین بــێ
کزبوونــی گڵپــەی جەرگــی بــرژاوی
بە فرمێسك و خوێن، نووکە و گرین بێ!!
دەســتەی خوێنــدەوار لــە ژیــرو زانــا
یــا بــۆ گــەل هەرچــی لــە نەبەردیــن بــێ
لــە کونجــی زینــدان ئــازار بچێژێــت
دەرچوونــی مەگــەر لــە خــەو فڕیــن بــێ!
ســا، یەکێکــی وا بــەر لــە گشت کەســێ
ئەبــێ زەڕینــی وەك ســەگوەڕین بــێ
هیــوای گڵاوی نــاو جەرگــی رەشــی
بخنکــێ و خۆیشــی هــەر لــە بەزیــن بــێ
نابــێ ئاواتــی پیســی بێتــە دی
یــا هــەر داخــدار و لــە دڵهەژیــن بــێ
رێگــەی شــەڕ نــەدرێ ئاشــتی ســەرتاپا
گــەورەی ســەربەرزی خاکــی بەریــن بــێ
داد و سەربەســتی، یەکێتــی و زانســت
بــۆ سوودی مــرۆڤ چەشــنی سەرین بــێ
شــەڕخواز و خوێنمــژ ســەربڕین تاکــو
لاشــەی تۆپیویــان لــە هەڵپەڕیــن بــێ
رۆژی ئــازادی و ئاشــتی لــە جیهــان
گــەش بێ و نێــرەری تیشکی زێڕیــن بێ!؟

بایزبەگ ١١ی ئەیلوول ١٩٥٤

# خۆزیا

خۆزیـا ئەمجـارەش بووکـی رازاوە
بۆمیـان ئەنایـە کۆچـی کـەژاوە
ئاواتـە کۆنـەی دڵ ئەهاتـە دی
دەرئەچـوو لـە ژین ریشـەی ئـاژاوە!

***

یەکـێ لـە مـردن کـە چـاری نەبـێ
تەمـەن و ژینـی ئێجـگاری نەبـێ
جێی داخ و شـەرمە سەرتاپای هەوڵی
بـــۆ نیشـــتمان و رزگاری نەبـــێ!

***

باڵاکـەت بەرزە و پەنجەت نەرموشل
زولف و ئەگریجەت پەخشاوی سـەرمل
خەریکە سینەت خڕکا خۆخ و سێو
دووچـاوت وەختـە لێـم بڕفێنـێ دڵ

***

ئەوچـاوە کوێـر بـێ تۆی پـێ نەبینم
لاڵ بـێ گـەر زوبان تۆی پـێ نەدوێنم

نـازی پڕ سۆزت نەبێ گـوێ کەڕ بێ
بـۆ (تـۆ) نەبێ (مـن) بۆچیمـە ژینم؟

***

تینــووی نــاز و خەنــدەی لێــوم
برســی گۆنــای شــەکرە ســێوم
یــار لــە دووری چــاوی گەشــت
وەك دێوانــەی دەشــت و کێــوم!

١٩٥٤

# ئاوات

کچ:

شوانی دڵڕەقی لە مێگەل ژیاو
چۆن کێوی ڕەوەز، یا ئاسکی کۆسار
باڵ مەگرە لە شاخ، بە هەست و بە چاو
بمبینە شۆخم، شەنگم لە نزار!

شوان:

ڕێواسەی سەوز و تەڕەی قەدی کێو
دەم خونچەی، چاوباز، قژکاڵی ڕوو سوور
لە ژینما وەك تۆ هەرگیز نەمدی لێو
ناسك و وا پڕ بێ. یا گەردن بلور!

کچ:

وا شەماڵ و گوڵ تێکەڵ بوون بەناز
خەم هەڵئەڕێژێ مەلی خۆش ئاواز
ئێمەش دەس لەمل، بادەم کەین لەدەم
بگەین بە (ئاوات) ... نەك زامی وەرەم!

شوان:

خەو ئەبینم، یا چیە؟

کچ:

نەخێر. خۆشی راستییە!

شوان:

پەری، چ شتی وا نییە!

کچ:

یا گڕی دڵدارییە!

شوان:

کەواتە، وەرە تیمارکە زامم

کچ:

لە ژینا هەر تۆی گیانە مەرامم

شوان:

هەڵسە بچینە سەر مێرگ و کانی
نەختێ بنوشین تامی دڵداری
شێوەی ئەم لانە و جوانیی گوڵزاری
کەلەگەڵ تۆ بم، لەجیهان کوانی؟

کچ:

شوانی مێگەل و دڵەی بێ وچان
خۆزیا لە دەستتا ئەبووم بە گۆچان!
تۆ لە بەیانی کۆچ ئەکەی تا شەو
منیش ئەبرژێم بە هیوات بێ خەو!

شوان:

منیش ئەخوازم: بیری بەرزیت بم
لە ژین تا مەرگم گوڵی سەرزیت بم
لەشوانی دەچم، شاد بم بە باڵات

تالەســەر تەختــی دڵ هەڵکــەم ئــاڵات
کچ و شوان: (دەم لە دەم و دەست لە دەست)
ئێمــە بــە جووتــە ئــاوا دەس لــە دەست
بەختیــار و بێخــەم. دڵ لەگــەڵ دڵمەست:
لەخۆشــیان زەمیــن ئەڕازێتــەوە
بولبــول لەبــەر گــوڵ ئەپارێتــەوە
بــەرخ و کاریلــە وا جەژنەیانــە
بەراســتی ئەوجــا کاتــی ژیانــە

بەغداد ١٧ی ئوکتەبەر ١٩٥٤

# جەژن

مــژدە لەگەلــی یــاران: وا جەژنەیــان هاتــەوە
دەرگای کەسـەر دائەخـا، رێـی شـادی ئەکاتـەوە
بەهـۆی بـەزم و ئاهەنگی زەمیـن دەنگ ئەداتەوە
مــژدە لەگەلــی یــاران: وا جەژنەیــان هاتــەوە!
جـەژن بـۆ ژیـن بووکێکـە لـە تاریکـی دێتـەدەر
تاجـی خەمبـەری لەسـەر، بەرگـی دڵـداری لەبـەر،
بەنـاز روو لـە هـەر لاکا، زەمیـن دەنـگ ئەداتـەوە
مــژدە لەگەڵــی یــاران: وا جەژنەیــان هاتــەوە!
وڵات ئەڕازێتـەوە، تێکـەڵ ئەبـێ سـەوز و سـوور
چێشت لێنان و بەرگی نوو، گۆرانی وساز و سەنتوور
لەگرمەی شایی و سـەیران، زەمیـن دەنگ ئەداتەوە
پرسیم بۆ گەردوون گۆڕا؟ وتیان: جەژنە، هاتەوە!
سـاڵی چـوو لـە دڵتەنگـی، یەکـی تـازە دێتـەکار
ئەویان رەش و زستان بوو، ئەمەیان بێتە بەهار
لـە رووی زەمیـن ئاواتـی گەلـە دەنـگ ئەداتـەوە
مــژدە بــۆ ئومێــدەوار: وا جەژنەیــان هاتــەوە!

پەل کەن داری ناکۆکی. وا شین بوو کامەرانی
فرمێسکی گریان بسڕن بە ئاواز و گۆرانی
بخوازن بە سۆزی دڵ زەمین دەنگ ئەداتەوە
بڵێن خۆزگە بەخۆمان وا جەژنەمان هاتەوە!

بەغداد، دار المعلمین، الرابع - لغات، ١٨/١٢/ ١٩٥٤

# نائومێدی

منی هەژار
لە شاخێکا ... مەلێکم بوو
مەلی ئاواز
شیرین و ساز،
باڵ و دەنووك: جوان و رەنگین
وەك بووك بەناز،
گران و سەنگین،
پاك و زەنگین،
کز و غەمگین.. دڵێکم بوو!

منی بێزار
لە باخێکا گوڵێکم بوو
گوڵی هیوا «سوور گوڵاڵە»
نەك (شەبەندە)
دولبەرێکی «لێوبەخەندە»
شۆخ و شیرین
کۆڵمە بەفرین

باڵا بەرز و ناسك و نازدار
شەکەر گوفتار
بەلەنجەر و لار
چاو پیاڵە!
ئەبرۆ کەوان
لە راست موژەو زولفی رەشی
چاوی گەشی
پڕ ئاتەشی، زوبان لاڵە

شەو بێ خەوان
گۆنا و گەردەنیی بێ گەردیی
سپی و زەردی
ماهی رووی ئەکەن بە لالە
لێو: شەکرە سێو
دوو خونچەی زەرد
دەرمانیی دەرد
تەنکو ئاگردار، هەست بزێو!
ددان گەوهەر
سینە مەڕمەڕ
قەد و کەمەر
باریك و تەڕ چەشنی ژاڵە..

دڵداریی پاك
بۆ یاری تاك

نەرخی بێ باك
سەرو ماڵ و خوێنی ئاڵە
هەموو رۆژێك
مەلی ئاواز
دڵەی مەستم
بۆ سارێژی زامی هەستم
دەم بەیانی و رۆژ لە زەردان
بە نەغمە و راز
ئەكەوتە خاك
خاكی ژێر پێی سوور گوڵاڵە
بەچاوی پڕ
فرمێسك و گڕ
ئەی رشت لە پڕ، ناز و ناڵە

دەروونی پاك
كسپە و سۆزی
دڵداری بەرز و پیرۆزی
ئەهاتە جۆش
تا پەست ئەبوو
گوڵ بەئاواز و دەنگی خۆش
ژێردەست ئەبوو
دەنووكی ئاڵ
نێژراوی پەلكێ گوڵ ئەبوو
تا شل ئەبوو

له ماچ و مژ
سینه و گۆناو گەردەن و قژ
جێی دەم و پەنجە و دڵ ئەبوو!
ئەوساکە هەر
بەگیان و سەر
دژی خەتەر
مەل: پاسەوانی گوڵ ئەبوو
کەیچی بەختی
کەچم تەختی
بەختیاریی هەڵتەکاندم

گورزی بەدکار
لە ناوەختی
بە زەبر و ژار
پەنجەی زۆردار
گوڵاڵەی سووری پچڕاندم!

داوی ناکەس
بەڕێی چەوت و خوار و خێچا
هێند لە پڕتاو
تێر قین و تاو
پەڕوباڵی مەلی پێچا
وزەی بڕی
هێز و گوڕی

ڕەگ دابڕی باو گەردەلوول
هەڵسا، لە قووڵ
«گوڵی هیوای» هەڵوەڕاندم

بەزەبری هێز
باخەوانی
گوڵ دۆڕاوی
پاسەوانی
یار دزراوی هەڵفڕاندم

لەئاسمانا
بە تیرێکا
تیر: تیری خەم
مەلی پێکا
خستیە نێوچەم
تا هەتایە
لانەی دڵداریی شێواندم!!

لە دوورخراوەیی لە شاری سوێرە (صویرە) ١٩٦١/١٠/٩

# چاوكاڵ

لەسەر ئاوازی دخل عیونك حاكینا- عربی لەلایەن هونەرمەند (باكووری) وتراوە.

چـاوكاڵ كیـژی جیرانـم
تـۆی تەنیـا دەسـتگیرانم
شـەرتە دڵمـت پێشكەش بێ
بـێ تـۆ بۆچیمـە ژیانـم؟

***

مانگـی چـواردە كـە زەردە
گیانـی ڤینـۆس پـڕ دەردە
عالـەم گێـژ و تاسـاون
دەركـە جوانـی ژێـر پـەردە.

***

دەرخـە چاوی قاشی شین
كوڵمـەی سـاكاری بەفریـن
گەردەنێكـی بەللـوری و
دوو خونچـەی بەهاری ژین.

***

رووی خـۆت چیتر مەپۆشـە
دڵ بەخەنـدەت سەرخۆشـە

رۆژ بـا لەکـەل دەرکـەوێ
تاریکـــی زۆر ناخۆشــە.

***

چاوشــین یــاری بێدەنگــم
جــارێ بڕوانــە رەنگــم
جــا تــێ ئەگــەی ئــازار و
بــاری دەردی زۆر ســەنگم.

***

ئینجا بـەس بێ خەمباری
وا مزگێنـــی ئەبـــاری
بــۆ گەیشــتن بــە ئــاوات
مــن و تــۆ بــە یەکجــاری!!

بەغدا ١٩٥٥/٤/١٥

# ڕۆژباش

لەسەر ئاوازی تایبەتی لەلایەن هونەرمەند (باکووری) تۆماری کردووە

ڕۆژ بـاش کۆترە دەنووك سـوور
ئــاواز خوێنــی دوور بــەدوور
بــێ تــاوان، تــۆی پــڕ نــوور
ڕۆژبـاش کۆتـرە دەنووك سـوور.

***

کــە بەیانــی ســەحەری
گــوڵ بــە ڕۆژ پــێ ئەکەنــی
ئەخوێنــێ وەك پــەری
یــار لەخــەو ڕائەچەنــی.

***

لەســەر دارێ بــۆ ئــەو دار
بێ خـەم، بێ بـاك هەڵئەفڕی
لــە لادێ یــا لەشــار
ڕێــی گریــە و زار ئەبــڕی.

***

دووری لــە گــرژی و پەســتی
هــەردەم شــاد و رووخۆشــی

لـە ژینا سەربەسـتی
بۆیـە دڵ وا لـە جۆشـی.

***

تـۆ نیشـانەی بەهـاری
موزیقـەی دڵـی تەنگـی
خـەم رەوێنـی دڵـداری
دۆسـتی دوژمنـی جەنگـی.

***

بێـرە نەختـێ بخوێنـە
کڕکـە دڵـەی شـێت و شـوور
یـا تـۆزێ بنوێنـە
یـادی دولبـەری مەغـرور.

***

ئـەو یـارەی وا بـێ وەفـا
کـە بـە گرینـم ئەبـێ شـاد
سـا بەسـە بـەس جەفـا
لـە دەسـتی داد و بێـداد.

***

کۆتـرە یـار لێـم تـۆراوە
ژینـم مەرگـە پاشـی ئـەو
مـن عەقڵـم گـۆڕاوە
تـۆ بـە ئـاواز بمخـە خـەو!

١٩٥٥/١/١٨ بەغدا ٤ لغات

# گوڵ و بولبول

لەسەر ئاوازی تانگۆ لەلایەن (باکووری)یەوە تۆمارکراوە.

گـوڵ و بولبـول مـن و یـار
لەنــاو باخــی بەختیــار
ئــاواز بــۆ یــەك ئەبێژیــن
جۆشــی دڵــمان ئەڕێژیــن
چەشنی سروشـت لـە بەهـار
تامــی (غــەڕام) ئەچێژیــن

***

بولبـول دێتە جـۆش و خرۆش
بەهارێکـە شـادیی فـرۆش
گـوڵ ئەتـرازێ بـە یەکجار
راوی دەروون دێتــە خــوار
بــۆ عاشـقی پـڕ لـە جـۆش
ســەما ئــەکا بــەرد و دار.

***

منیــش بــۆ یــار ئەنــۆڕم
بەڵکــو نەختــێ بیگــۆڕم

شـێوەی گـرژی دەم و چـاو
کزکـەم گلپـەی نـاو هەنـاو
تەنیـــا کارم نـــاکارە
لـــە تـــەك یـــاری دڵـــبرژاو

***

ڕازی بولبـول خەندەی گوڵ
یـا نـووزەی مـن، یـا نـازم
هـەم بـێ سـوودە ناڵەی دڵ
لەگـــەڵ یـــاری چاوبـــازم
لای ئـــەو بەزمـــە گریانـــم
ســـەیرە بەســـتەی ناســـازم!

بەغدا /١٩٥٥/٣/٥

# نازەکەم

لەسەر ئاوازی تایبەتی هونەرمەند (باکووری) تۆماری کردووە

نازەکەم چاو بازەکەم، هەی نازەنین
دڵت بردم، شێتت کردم وەی ئافەرین
لەناو مێرگی گوڵی رەنگین
بێژە بۆم ئاوازی شیرین
بلاوێنە دڵەی خەمگین.

** ***

نازەنین قەد باریکی رەنگ ئەسمەر
خشتیلەکەی، نەشمیلەکەی، جادووگەر
دوڕی، یاقووتی، یا گەوهەر
من وا هانام هێنایە بەر
رزگارم کە لە دەردی سەر.

** **

نازەنین، نازی نازداران نازنازە
دڵ ئەسیرە، چیت ئاواتە بخوازە
رێی دڵداری پڕ هەورازە
کۆتر هەردەم کوشتەی بازە
پەشیمانی بۆشە تازە!

نازەکەم، چاوبازەکەم، هەی نازەنین
بێ خەتا بووم، تووشت کردم، وەی ئافەرین

بەغدا ١٩٥٥/٣/٢١

# بێ وەفایی

به ئاوازی تایبەتی لەلایەن هونەرمەند (باکووری)یەوە تۆمار کراوە

بەجێت هێشتم ئەی بێ وەفا
ژینت پڕکردم لە جەفا
دڵت بۆ ناردم سەردەمێ
بردنەوەی جێگەی ئەسەفا.

***

ئەی بێ وەفا بەجێت هێشتم؟
ژەهری هەلاییت پێ چێژتم!
چەند زوو گۆڕای، چۆن وا تۆرایت
کێرا فرمێسکت پێ رێژتم؟

***

چەن زوو هەڵات شەرتی دڵت؟
چۆن وا سیس بوو کوڵمی گوڵت؟
هیوام تازە چرۆی دەکرد
کێرا زیزبوویت لە بولبولت!

***

دوو خونچە بووین لە باخی ژین
من کاکە مەم،

تۆیــش خاتــوو زیــن
وێنـەی مەجنـوون ئێستێ کەچی
گیــرت کــردووم بــە داوی شــین!

***

دڵ بــە تەنیــا بەنـدی تــۆ بــوو
داخــم ناچــێ ڕەنجــەڕۆ بــوو
هێــش نەمدیبــوو بــزەی شــادی
کــە تووشــی گریــە و ڕۆڕۆ بــوو.

***

خـۆت چوویت بـەڵام وێنـەت ماوە
دڵ بەخوێــن لــە چاپــی داوە
تــا مــردن یــادی (تــۆ) دەکــەم
بەختوباڵــم وا نــووسراوە!!

هەولێر/١٩٥٥-١٩٥٦

# سکاڵای دولبەر

پێم ئەڵێ من یاری تۆم
نەو گوڵی بەهاری تۆم
دێوانەی شێت و شەیدا و
ئەسیری روخساری تۆم!

***

بولبول گەرچی فۆتاوە
بۆخونچە وا سووتاوە
بە ئاگری دڵداری
هەندەی من نەبرژاوە!

***

شەو لەخەودا ئەتبینم
رۆژ ئەبیە کابە و دینم
چاوێکم لەچاوان کەی
بۆت هەرزان ئەبێ ژینم!

***

مۆزیکامە ئاوازت
شەکەر بارینە رازت

لـە ڕێـت پـێ لـە جەرگـم نێ

تـا بـەس بـۆ مـن بـێ نـازت

***

هەجـرو ڕووگرژیـت هەرجـار

پێـوەم ئـەدەن چەشـنی مار

دڵ هەڵئەچـێ و گەواڵـەی

ئەشـکی چـاوم دێتـە خوار!

***

ڕۆژی پەیـــمان لابـــردن

پشـــت لەهـــاودڵا کـــردن

ژیـن بـێ تـام وسـووك ئەبێ،

ئەوکاتـــە خۆشـــە مـــردن!!

هەولێر: ٢١/مارت/ ١٩٥٦

# ئەمیرەکەم

هونەرمەند فوئاد ئەحمەد لەسەر ئاوازی تایبەتی تۆماری کردووە

ئەمیرەکــەم دڵگیرەکــەم،
گوڵــی گیانــە یەخســیرەکەم،
چــاوی مەســتت گەلاوێــژن
مــوژەو ئەبــرۆت تیرهاوێــژن
ئەمیرەکــەم دڵگیرەکــەم،
هیــوای گیانــە یەخسیرەکەم،
مەمرەنجێنــە، مەمفۆتێنــە،
پەروباڵــم مەســووتێنە
ئەمیرەکــەم دڵگیرەکــەم،
پرســە گیانــە یەخســیرەکەم،
تــۆ لــە دووری، مــن لــە دوورم
ناچــار لــە ئەشــکم ئەبــوورم
ئەمیرەکــەم دڵگیرەکــەم،
کابــەی گیانــە یەخســیرەکەم

بەهــارت لــێ شــەرمەزارە
تیــرت لــەدڵ ســەد هــەزارە
کوڵمەکانــت قەنــدی شــیرین
لەبت خونچەی گوڵــی رەنگین
بەهــارت لــێ شــەرمەزارە
عاشــق وا لەخــۆی بێــزارە
کاتــی خەنــدە و پێکەنینــە
گــڕی دڵداریــم بەتینــە
بەهــارت لــێ شــەرمەزارە
بــۆ ئــەکا ئــەم شــین و زارە!
بەمجــۆرە خۆشــە دڵداریــی
بــێ گریــن بۆشــە دڵــداری
بەهــارت لــێ شــەرمەزارە
(تــۆ) نەرخــت نایــێ بــە پــارە!

هەولێر ١٩٥٥/١١/٢٨

# سوێندی پێشمەرگە

**(یا کوردستان... یا نەمان)**

ئەم سرووده لەلایەن هونەرمەندی خوالێخۆشبوو فوئاد ئەحمەد لەسەر ئاوازی تایبەت گوتراوە
لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ تیپی مۆسیقای پێشمەرگە تۆمار کراوە

بـــۆ گەلـــی کـــوردی قارەمـــان
ســـوێندم بـــە خاکـــی نیشـــتمان
بەسەر لوتکەی کێوی «بارزان»
بـە ئەشکەوت و جێی نەبەزان
لـە «بێتواتـە» و «چەمـی ڕێـزان»
«یاکوردســـتان، یاخـــود نەمـــان!»

***

سوێند بـە خەنـدە و بـزەی ساوا
قاســـپەی کـــەوی نەترســـاوا
شـــەماڵ و خونچـــەی گەشـــاوا
راز و هیـــوای بـــووك و زاوا
ســـوێندم بـــە ئـــاوازی کەمـــان
«یـا کوردســـتان، یاخـود نەمـان!»

***

بـە چەنگاڵـی مـەرگ و شـیوەن
ئـەو دایکانـەی قـوڕ ئەپێـون

بــەو بۆمبانــەی کــە تەقیــون
شــار و لادێــی پــێ تەپیــون
سـوێندم بـە جەنگی بـێ ئەمـان:
«یـا کوردسـتان: یاخـود نەمـان!»

***

ســوێندم بــە رۆژێ کــە رەشــە
بــەم جۆگــەی خوێنــاوە گەشــە
بــەو ســەلك و پلــە بــێ لەشــە
بــەم نیشــتمانە چــوار بەشــە،
ســوێندم بــە کاوەی نەمرمــان:
«یـا کوردستان: یـا خـود نەمـان!»

***

بــە پارتــی و پێشــمەرگەکانی
«ئاخجەلــەر» و شــێرەکانی
«هەولێــر و کــۆ و ســلێمانی»
بــە مانــگ و رۆژی «کاوانــی»
بــە کرمانجــی و بــە ســۆرانی...
سوێند بـە (بارزانـی) پێشڕەومان:
یــا کوردســتان: یاخــود نەمــان!

لە دوورخراوەیی، لە سوێرە صویرە ١٩٦٣/٤/٨

# باوەڕ

نێوانی چوارپێ و مەردوم باوەڕە
مرۆی بێ بڕوا سەد جانەوەرە

چەرخوفەلەك وەك چەرخو فەلەك هەردەم لەبارێ
یەکێ یەکێ بە رۆژ سەرخا شەو بێ شك ئەی هێنێتە خوارێ!

یاسا و ماف و داد ئیمڕۆکە هێزە
خاوەن هەق ریسوا و زۆر دەس بەڕێزە!

تا خوێن وەك لافاو نەڕژایە خاکی
ئاسۆی کورد نەیدی رۆژی رووناکی!

# دەربەدەر

لە دوورخراوەیی سوێرە (صویرە) ١٩٦٣

دەربــەدەر و لــێ قەومــاوم
لــە دڵــداری بەجــێ مــاوم
هەرچەنــد خەمبــار و دامــاوم
تــۆ بەرنــادەم تاکــو مــاوم
ئــەی رووناکــی هــەردوو چــاوم!

***

نــووزەو ناڵــە و گریــە و زاری
ئاهــی ســەرد و نــەی بێــزاری
گیــان و بەســتەی پــڕ ئــازاری
بــۆ تــۆ ئــەی نێــرم بەدیــاری
تــا بــڕوا کەیــت: نەگــۆڕاوم!

***

لــەو رۆژەی کــە تــۆم نەدیــوە
خونچــەی بەهاریــم وەریــوە
دڵ خەفــەت دەوری تەنیــوە
لەنــاو دڵــداران هەتیــوە
بۆیــە وا زەرد و چەمــاوم!

# دڵەی بێچارە

لە دوورخراوەیی سوێرە (صویرە) ١٩٦٣

دڵــەی بــێ چــارەم پــڕ لەئــازارە
مەســتی بــێ نــازی و پەســتی و بێــزارە
شــەیدا و هــاودەردی قومــری و هــوزارە
ســەرخۆش و بەنــدی چــەم و گوڵــزارە
کوشــتەی دووچــاوی شــۆخی نــازدارە

***

گەرمــای هاویــن و ســایەقەی زســتان
زامــی شــەو خوونــی پــارە پەرســتان
گازی ژەهــراوی مــاری دارســتان
چــار بکــرێ، دڵــەی لەخــەم نەرســتان
هەرگیــز تیــماری نایەتــە دەســتان!

***

ســا لــە پێنــاوی ژینــی رابــوردوو
لــە جیاتــی هیــوای پووچــی بابــردوو
بــە نــاوی عەشــقی کۆنــی راکــردوو
هیــچ نەبــێ جارجــار لەخەوتــا جــادوو
بیــر خــەوە یــادی دڵــەی دامــردوو!

# هەندرێن

هەندرێــن بــەرزی شــیاوی نــازی
گەلــی کــورد ئیمــڕۆ بەتــۆ دەنــازی
هــەر تیکــە شــاخ و هــەر پەنــا بــەردێ
لانــەی شــێرێ بــوو... ســەنگەری مــەردێ

***

هــەر بســتێ خــاك و هــەر لــق و پۆپــە
هەنجــراوی بۆمبــا و پێکــراوی تۆپــە
ئــەو گوڵــە ســوورەی گــەش و بێگــەردە
خوێنــی پێشــمەرگەی ئــازا و نەبــەردە
هەندرێــن هێنــدەت هێــرش هاتــە ســەر
کــەم وا روویــداوە لــە مێــژووی بەشــەر

***

لەنێــو دۆزەخــی جەنــگ و مردنــدا
بەهــۆی هەڵمــەت و هێــرش بردنــدا
پێشــمەرگە چوونــە ســەرگیانی دوژمــن
تــا رەگ و ریشــەی دەرهێنــان لــە بــن

***

هەندرێــن نــاوی کــوردت کرێــەوە
فرمێســك و ترســی پێشــووت سـڕیەوە
بوویتــە قوربانــی خاکــی کوردســتان
تــا مافــی کــوردت نایــەوە دەســتان

***

ســا دڵنیابــە ئــەی شــاخی پیــرۆز
کـە یـادت ئەکەیـن وەك رۆژی نـەورۆز!

بە بۆنەی سەرکەوتنی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان لە داستانی شەڕی (هەندرێن)دا بەسەر دوژمن لە رۆژی ١٢/١٣/ی ئایاری ١٩٦٦ نووسراوە

# ڕەواندوز

پەنجـەی کـردگار بــە هونــەری بــەرزی
کەوتــە ســەرکاری کەرەســە و دەرزیــی
تەونێکــی چنــی گــەردوون پێــی لــەرزی
شــاخ و ڕەوەز و کوفــارەی دەرزی
وێنــەی «ڕەوانــدی» هێنــا ســەر ئــەرزی.

***

شــاری ڕەوانــدوز لەهەمــوو لاوە
گەلــی گــوڵاوی خــۆی لێپێچــاوە
کێــوی لەشــێوەی بووکــی کــەژاوە
پێچــەی هەوریــن، و تەمــی پۆشــاوە
ڕووش بــە نەخشــەی بەفــر ڕازاوە.

***

ئــاوی ســازگار، ڕەنگاورەنــگ زەمیــن
گولــوك و لالــە و نەوشــە و یاســەمین
ڕایاخــی ســەوزی ژێــر ســەیوانی شــین
ئافرەتــی ڤینــۆس، پــاك و نازەنیــن

***

بـــۆ رابـــواردن «لوبنـــان» ئەبێـــژن
«ڤینیسـیتا، جنیـڤ» ئـەم خەڵکـە گێژن
ئەچنـــە هەنـــدەران دووری ئەچێـــژن
بەسـیـەتی ئیـتر خـەم هەڵمەڕێـژن
لــە حاجــی و عەلــی* بریــن ســاریژن

***

چەنـــدە دڵگیـــرە شـــاخ وداخەکـــەی
هاوتـــای بەهشـــتە رەز و باخەکـــەی
خـوڕ خـوڕەی ئـاوی ژێـر قەراخەکـەی
خەلەنـــد و گەلـــی و مـــام بێخاڵەکـــەی
لـــەدڵ ئەرفێنـــێ خەمـــوو داخەکـــەی

***

جێگـــەی ســـەیران و هاویـــن هـــەوارە
کونجـــی دڵتەریـــی و پنجـــی گوڵـــزارە
چـــوار فەســـڵی ســـاڵی تـــازە بەهـــارە
راوگـــەی دولبـــەر و کـــۆزی دڵـــدارە
مەفتەنـــی کـــوردە و کابـــەی هـــەژارە

٢٨/مارت/١٩٥٦ (لە رواندزەوە)

* مەبەست (حاجی ئۆمەران) و (گەلی عەلی بەگ)ە

# مژدە

بەبۆنـەی گەڕانـەوەی تێکۆشـەری گـەورە و مەزنـی کـورد و کوردسـتان، مـەلا مسـتەفای بارزانیـی و هاوڕێکانییـەوە لـە یەکێتـی شـۆڕەوییەوە بـۆ نیشـتمان، دوابـە دوای شۆڕشـی ١٤ی تەمـوزی ١٩٥٨ گوتـراوە و لـە ڕۆژنامـەی (پێشـکەوتن) دا بڵاوکرایـەوە.

مزگێنی بێ لەخاك و گەل
وا ڕۆژی گەش هەڵهات لەکەل.
زەمین خۆی وەك بووك دەنوێنێ
گەردوون بە خەندە ئەدوێنێ
بە ئاوازی نەرم و شیرین
بانگ ئەکاتە تیشکی زێڕین:
بخشە بەسەر داروبەردا
لە دەشت و کێوا ... لە هەردا
لەم لانە و مەڵبەندی شێران
ئەم خاکەی کوردی دلێران
جێنشینی کاوەی بەهێز
سەلاحەدین، قازی بەڕێز:

گوڵی ژاکاو بگەشێنە
خەمی داماو بڕەوێنە،
بولبول هاندە ... لە گوڵزاران
خۆیان رێکخەن، سەد هەزاران
بە چریکەی پڕ نازی شیرین
دۆڵ و چەم لوتکەی بەفرین
بجۆشێنن، کانیی و رووبار
بە ئاوی خوڕ کە دێتە خوار
بەسەر بەردو لە ژێر دارا
بزریکێنن ... لەنزارا.
پەیامێ بدرێت بە خەزان
تا دوا خات گەڵا رێزان،
هەوری پاییز بگری بەتاو
رووی کوردستان تەڕکات بە ئاو
زۆر لەسەرخۆ نەرمە باران
بپڕوشێنێ ... لە هەواران،
گۆل و کانیی پڕکاتەوە
بەهاری چووی سەرباتەوە،
لە نۆژەن گوڵ بڕوێت لە باخ
دەرچێ لە دڵ نەمێنێ ئاخ!!
بۆنی عەتر و دەنگی ئاواز
وڵات بگرێ ژێر و هەوراز.
ئافرەتی کورد و شۆڕە ژن
جوان و پاك رازاوە بن.

رۆڵانی کاوە گەنج و پیر
ئامادەبن، وریابن، ژیر.
ئەسرینی شادی بڕێژن
حەیران و لاوك ببێژن،
لەهەر شوێنێ کوردی لێ بێ
گرمەی شایی و زرمەی پێ بێ
چۆپی سازدەن، هی ڕەشبەڵەك
بلەرزێنن ... چەرخی فەلەك
هێند هەڵپەڕن، بەسۆز، بە گوڕ
کۆڕی سەما پڕکەن لە قوڕ.
جا، لە زەوی ... بە دەستوبرد
ریزبن یەکسەر، لەجیاتی پرد
پردێ دروستکەن: زۆر مەزن
بەردێ لەنێر بێ و، یەك لە ژن
هەر لە (بەغدا) تاکو (بارزان)
بەردەباز بن ... (باڵابەرزان)!
(مەلا) و (میرحاج) و (خۆشەوی)
سەرۆکی کورد و پێشڕەوی
نەبەردانی ڕێگای خەبات
پشت و پەنا شێرێن (وڵات)
دووبارە بە (وەتەن) شادن
ڕوو سوور و مەرد و ئازادن،
بڕۆن بەسەر پری نەرما
بیری ڕاست و خوێنی گەرما،

بۆ کوردستانی پڕ لە شاخ
شوعلەدار بن وەك شەو چراخ.
وڵات ئیمرۆ لە جەژنایە
جەژنی (مەلا مستەفا)یە
جەژنی هەموو تیر و هۆزە
لەخاك و گەلمان پیرۆزە!!

هەولێر ١٩٥٨/١٠/٢٠

# نامەکەت!

لە سەر ئاوازی تایبەتی لەلایەن لەلایەن هونەرمەند فوئاد ئەحمەد گوتراوە

کۆیە- ١٩٦٠/٨/٣

نامەکــەت گەیشــت، یــاری وەفــادار
لــە دڵــما نەیهێشــت بریــن و ئــازار
خۆشــی زوبانــی بەنــد کــردم لــە زار
فرمێسـکی شـادیم بـە گـوڕ هاتـە خـوار
وا ئەبــێ «نامــەی» زەنگیــن بــۆ هــەژار!

***

وشـەی (گیانەکـەت) گیانی مەست کردم
باســی (دڵســۆزیت) ژێردەســتی کــردم
(سوپاســی گەرمــت) پــڕ هەســتی کــردم
(کـۆت و بەندەکـەت) ژیـن پەسـتی کـردم
وەرگــەڕێ تەختــی گەردوونــی بــەدکار

***

گیانـە، رۆژ و شـەو (تـۆ)م لەبیـر ناچـێ
گـەر لـە ئەگەریجە و رووت پەچە لاچێ
مــوژگان و ئەبــرۆش لــە چــاوم راچــێ
ئەوسا پێشکەش بێ «ژینـم بـۆ «ماچێ»
چونکــە هەرزانــە (مــردن) لای دڵــدار!!

# ئۆپەرێتی هێزی گەل

کۆرس:

بژی گەل، رۆڵەی گەل

سەرکردەمان شێری هەل

رابەر و مەشخەلە

وەك تیشکی رۆژی سەرکەل

قوتابی: هەڵگری چرا و تیشکی رووناکیم

رۆڵەی میللەت و تۆی دەروون پاکیم

خونچەی گوڵزاری پاشەرۆژیمە و

نەمامی باڵا و هەڵۆی چالاکیم

کۆرس:

بژی گەل، رۆڵەی گەل

سەرکردەمان شێری هەل

رابەر و مەشخەلە

وەك تیشکی رۆژی سەرکەل

مامۆستا:

گڕی زانیاری رێگەی خەباتم

لە تێکۆشانا هاوڕێی تەباتم

بەخۆ سووتانم لەتاریکی شەو
بڵێسەی گەش و هیوای وڵاتم

کۆرس:

بژی گەل، رۆڵەی گەل
سەرکردەمان شێری هەل
رابەر و مەشخەلە
وەك تیشکی رۆژی سەرکەل

جووتیار:

بە رەنجی پاڵەو سەپان و جووتیار
ژینی لادێمان پێش دەخەین وەك شار
هێزی تەنگانەی شۆڕشی گەلم
با دوژمن کوێر بێ و گەلم بەختیار

کۆرس:

بژی گەل، رۆڵەی گەل
سەرکردەمان شێری هەل
رابەر و مەشخەلە
وەك تیشکی رۆژی سەرکەل

کرێکار:

لە بازووی پۆڵای چینی کرێکار
ئامرازی بەرهەم بۆ گەل دێتەکار
خاك ئازاد ئەکەم، میللەت بەختیار
قەلغانم لە رێی دوشمنی بەدکار

کۆرس:

بژی گەل، رۆڵەی گەل

سەرکردەمان شێری هەل

رابەر و مەشخەلە

وەك تیشکی رۆژی سەرکەل

پێشمەرگە:

شوورەی چەکدار و پەنای وڵاتم

لە رووی داگیرکەر سەختە قەڵاتم

پێشمەرگەم بەدڵ فیدای نیشتمان

پارێزگاری ئەو بووەتە ئاواتم

کۆرس:

بژی گەل، رۆڵەی گەل

سەرکردەمان شێری هەل

رابەر و مەشخەلە

وەك تیشکی رۆژی سەرکەل

کورد وعارەب:

کورد وعارەبین براینە تاکو سەر

بەهێزی شیر و بەزەبری خەنجەر

لە ژێر بەیداخی تاقی نیشتمان

خاکمان پاس ئەکەین دوژمن دەربەدەر

کۆرس:

بژی گەل، رۆڵەی گەل

سەرکردەمان شێری هەل

رابەر و مەشخەلە

وەك تیشکی رۆژی سەرکەل

بە هێزی بازوی گەل سەرکەوتووین و پێشکەوتووین

دەربازبین لە چەنگی
پیلانی پیس و چەپەل

هەولێر ١٩٥٩-١٩٦٠

# چوارین

زنجیــری پــۆڵاو کەلەبچــەی ئاســن
بــۆ زامــی مەچــەك شــایەنی باســن
دەمــاری دەســتم ببــڕن تــا خوێنــی
گەشی دێتـە جۆش: ئەوسا ئەمناسن!

***

ئــەم کاروانــەی ژیــن قۆناخــی دووره
کەسێ ئەیگاتێ کە پشت ئەستووره
بەهێــزی گــەل و... تەنیــا پێشــەنگی
بــاوەڕی راســت و... شۆڕشــی ســووره!

***

کــورده: دوشــمنت ســوور بــووه چــاوی
چەپۆکــی چۆتــە چەکــی خوێنــاوی
بــۆ لەناوچوونــت، وەك گورگــی هــاره
تەنیــا مەترســە، چــل رۆژه بــاوی!

***

گــەلان ئیمڕۆکــە بــە جــارێ شــادن
سەربەست، یەکگرتوو، توانا و ئازادن

بەهـۆی ناکۆکـی و حیـزا بەخۆیـی
کـوردی بـێ چـارە... دیـل و بەردبـادن!

***

ژینـێ لەسـایەی کـۆت و زنجیـر بـێ
بـاری یاسـا بـەس لەمـل فەقیـر بـێ
رەنجـی زۆربـەی گـەل بۆ ئاغـا و میری
لـە گـەرووی دوژمـن ئەم ژەهرە گیر بێ!

ئـەم شـیعرە چوارینـە بـە بەندکـژی و کەلەبچـە لـە دەسـت نـووسراوە لـە نێـوان شـەمەندەفەری نێـوان بەغـدا و بـەسرا.

١٩٦٠/١١/٩

# من.. لە بەندیخانەوە..

بەشێکی لەلایەن فوئاد ئەحمەدەوە تۆمارکراوە

من کە رۆڵەی کوردستانم
پەروەردەی بەفری زستانم
لە باخی ژین
ترس و لەرزین
لە خەباتم
بۆ پارێزگاری و وڵاتم
هەرگیز نابێ رەگو ریشەی داکوتابێ،
فیداکاری
بۆ رزگاری
بۆتە پێویستی سەرشانم.

***

من کە ئەژیم لە کوردستان
تێ ئەکۆشم، بێ راوەستان
سامان و سەر
هێز و هونەر
لە پێناوی
خەباتی سەخت و خوێناوی

بۆ سەربەستی
دەرچوون لە پەستی و ژێردەستی
بۆ نیشتمان... تەرخان ئەكەم
خوێنی گەشم... هەرزان ئەكەم.

***

من كە نەوەی (كاوە)ی مەردم
هەڵۆی جەنگی شاخ و هەردم
بۆ بەرزی خاك
توند و چالاك
بە دڵسۆزیی
تا دێتە ئاسۆ «نەورۆزی»
لە مەیدانم
نامەبەری شەهیدانم
بەندیخانە و گوللەی دوژمن
رێ ناگۆڕن ساتێ بە من!

***

كە من خاوەنی (بارزان) بم
لە شۆڕشی گەلان كارزان بم
كسپەی دەروون
پێویستی بوون
ئەدەن هانم
بۆ ئاراستەی تێكۆشانم
بۆ ئازادیی
دیموكراسی و ئاشتی و شادی

کۆتی داگیرکەر ئەپسێنم

کوردستانم ئەچەسپێنم!

***

ئەوسا، کە خاوەن ماڵ ئەبم

لە جەنگی ژینا زاڵ ئەبم

بە ئارەزوو

تای تەرازوو

ئەسەنگێنم

بۆ جیهانی ئەلەنگێنم

دۆستایەتی

هاریکاری و برایەتی

بێ مەرایی، گەشەی ئەکا

ئادەمیزاد چەشەی ئەکا!

بەندیخانەی بەسرا

١٩٦٠/١١/١٤

# زەرد

ڕەنگـــی زەردی ڕۆژ هــۆی ڕووناکییـــە
لەمانـــگ نیشـــانەی خـــوای لاوچاکییـــە
ئـــی گـــوڵ هیوایـــە، زەردیـــی ڕووی یـــارم
هیـــواو و ڕوونکـــی و جوانـــی و پاکییـــە!

# گیانی شیرینم

(فوئاد ئەحمەد لەسەر ئاوازی تایبەتی تۆمار کردووە)

گیانــی شــیرینم یــاری نــازدارم
بـاڵا بەرزەکـەی خـوای لەنجـە و لارم
خونچـەی پشـکووتوی زەردی گوڵـزارم
مـن لـەدووری تـۆ پەسـت و بێـزارم.

***

شـەماڵ کـە پرچـت ئەبـا و ئەهێنـێ
ڕۆژی گـەش وێنەی لە ڕووت ئەنوێنێ
گوڵــی ســەر یاخــەت زی ئەترازێنــێ
لێــرە دڵ کۆرپــەی خــەم ڕائەژێنــێ

***

جوانیـت ڤینـۆس و لەنجەت هی کەوە
دڵ بوخچـەی خۆتـە و فەرموو بیکەوە
سـەیری لەدووریـت چـۆن ڕۆژی کـەوە
یـار بـە خەنـدەی لێـو، تۆ ڕوونـی کەوە!

***

ئاواتێکم بوو، ئەمیش چوو نەما

تەلاری هیوای سەرکام زوو رما

شەتڵی دڵداریم ناسك بوو چەما

«نامەت» گەردوونی ناشت لە نووزەما!؟

بەندیخانەی بەسرا ١٩٦١/١/١

# خێوەتی ئێمە

(لەلایەن فوئاد ئەحمەدەوە کراوە بە گۆرانی)

خێوەتـــی ئێمــە ئاســمانێکە شــین
هەڵـدراوە لەسەر ئەستوونەگەی شاخ
لـە ژێریـا فڕکـەی قەڵبـەزەی زیویـن
ئەیکاتـە بەشت بـە وای رەز و بـاخ.

***

مێرگـــی رایەخــمان چـــنراوی گوڵـــە
لـە تیشکی زێڕیـن سەد رەنـگ ئەنوێنێ
هەوێـــن و بـــادەی سروەتـــی دڵـــە و
پــەردەی تاریکــی دەمــاخ ئەتوێنــێ.

***

بە ئەستێرەو مانگ شەوگار ئەنەخشێ
زەنگی کاروان و لوورەی گورگی چەم
تـەزووی دڵـداری و لـەرزێ ئەبەخشێ
دەست بۆ سەر سینە و دەم ئەچێتە دەم.

***

چــرای هــەوارگا و ئاگرۆکــەی رەزان
زیکەی سیسرکە و حەیرانەی شەوڕۆ

خـــوڕەی جـــۆگاوی چـــۆم و مـــەرەزان
شـێوەنی دڵـدار ئەکـەن بـە: خـەوڕۆ

***

سروەی شـەماڵ و قاسـپە قاسپی کەو
تێکەڵ شمشاڵی شوان و حەپەی سەگ
پێـش گزنگـی خـۆر تـێرمـان کـەن لەخەو
خـــۆم و نـــازداری شـــۆخی چاوبەلـــەك

***

تـا هەسـت و هیـوا لـە چـاو دەربڕیـن
رووبـــەڕووی دۆڵ و کـــەژ و دارســـتان
هاوارکەیـن بـە جووت، لـە دوای هەڵپەڕین
«هـەر ئـاوەدان بێ و بژی کوردسـتان»

بەندیخانەی بەسرا: شباط ١٩٦١

# کوردە ئەم هەلە

لەلایەن هونەرمەندی گەل (تایەر تۆفیق)ەوە لە شەستەکانی سەدەی رابردوو بە مەقام گوتراوە.

کـوردە ئـەم هەلـەی مێـژوو داویـە پێـت
لـە دەسـتی نەدەیـت، لانـەدەی لـە رێـت
هەلێکــە و ئەشــێ روو نەداتــەوە
مــەردە ئــەو گەلــەی (گــۆ) ئەباتــەوە!
خوێــن تــا لەجۆشــە و بــێ داد رژاوە
ســارێژی نەکەیــت (لانــەت) هــەژاوە
(بریــن) تــا گەرمــە گــورج و بــێ ترســە
کــەی ســارد بێتــەوە پــڕ زام و قورســە
(رێ ی) هــەردەم تاریـك وا ئێستێ روونە
زوو گــەر نەیبڕیــت ئەنجـام تێچوونــە
زۆر جـار (هەڵە)یـەك لـە کـۆڕی خەبـات
گەلــی خســتۆتە رێــی هــات و نەهــات
سـا تۆیـش وریابـە لە قسـەی ئـەم و ئەو
گـوێ مەگـرە رۆژت لـێ نەکـرێ بـە شەو
تەکانــی مــاوە بــۆ لوتکــەی تــەلان
بیــدە و ئەگەیتــە (کاروان)ی گــەلان

یەکدەست و یەك هێز، یەك ڕێگە و بڕوا
کاروانــی (شــۆڕش) پتــەو بــێ بــڕوا
جـا لـە ئاسـۆی روون لـە خاکـی ئـازاد
ئەلەرێتــەوە (ئــاڵا)ی ژینــی شــاد
(مێــژوو) پـەڕەی نـووت بـۆ ئەکاتـەوە
(مافــی خــوراوت) پــێ ئەگاتــەوە

١٩٦٧

# بەری خەبات

خەباتم کرد.. خەباتم کرد
لە گوێرەی شوێن و کاتم کرد
بەدەست و بیر ... هۆشمەند و ژیر
خۆم قوربانی وڵاتم کرد
لە رۆژێکا، شەوە زەنگ بوو
دوژمن تینووی خوێن و جەنگ بوو
ئەم پڕ چەك بوو
هار و بەتەر ... لە دەشت و دەر
زرێی پۆڵایی لە چەك بوو
من دەربەدەر ... یا دەستبەسەر
کوتەکم هێزی مەچەك بوو
ئازا و دلێر ... وەك نەڕە شێر
بە تیرو شیر خەباتم کرد
لە رێی هات و نەهاتم کرد!

***

لە رۆژێکا کە جێم لەق بوو
خەڵاتم پێ لەقە و شەق بوو
لە ئاسمانا ... یان لە زەویی
لەبەرزایی و دۆڵی نەوی
نەبوو شوێنی
تیای بسرەوم
لە ترسی مێگ و ئەلیووشن
زرێلی و تانك و تۆپی زل
کە وەك نەهەنگی گەروو شل
سەرو سامان هەڵئەلووشن!

***

هەتا دوێنێ
خۆراك و خەوم شێوا بوو
رووت و هەژار لە پەنای بەرد
بە ناچاریی
گەرمای هاوین ... زستانی سەرد
بە گیانی پڕ فیداکاری
وەسەرم برد
چاوم لە تیشکی هیوا بوو
وەکو مەردێ ... نەبوو باکم
لە ئازاری
ژینی مەرگ و گریە و زاری

باش دەمزانی رۆژێك ئەبێ
داری خەباتم وەبەر بێ
لە جەنگ بە «پێ»
کلکی دوژمنم پیوا بووا!

***

رۆژگارێکی ناهەموار بوو
چەرمگ رەش و راستی خوار بوو
دوژمن بێ باك
بە ئارەزووی شەیتانی شەڕ
تێکرا سووتاندی هیشکو تەڕ
بە «ناپاڵم» ... ناشتی لە خاك
«سەروماڵم».
دەوروپشتم دڕك و داڵ بوو
نەبوو بەردێ ... بێتە پەنام
نەبوو مەردێ ... بێتە هانام
لە ئاست مندا
«جیهان» هەمووی «کەڕ و لاڵ» بوو
«من» ژێر کەوتم ... دوژمن زاڵ بووا!

***

لاشەم سەرتاپای برین بوو

بەشم رەشپۆشی و گرین بوو

«لانە»م هەژاو ... خانەم رووخاو

«بەرهەم» دزراو ... «خەرمان» سووتاو

«رۆڵە»م «کوژراو»

بست بە بستی خاکم،

بە بۆمبا و تۆپ ئەنجن کراو

کەچی گەردوون ... گەردوونێکی چەپگەردی دوون

تووشی هێنام ... بە دەردێکی ئێجگار بە سام

بیور لەخۆم ... پوواز و کلکی پێکهانی

ئەوسا توانی ... بە ئاسانی

ئەو «کونجۆکەی» بە «فرمێسك» و «خوێنی جگەر» هەڵم نابوو

دەس درێژ کات.. بۆ تێکدانی!

***

ئاسۆم تارو ژین پڕ ژان بوو

بۆتەی بوونم ... لە هەژان بوو

لە بەهارا ... چەشنی خەزان، شەقڵی رەزان

لە ژێر زەبر و زەنگی بارا

کەوتنە داوی گەڵا رێزان

وڵاتەکەم... گەنجی پیت و بەراتەکەم

بە جارێك «مۆڵگەی» «دزان» بوو

لەو دۆزەخە تا ئازاد بێ، مەست و شاد بێ

«مردن» لام سووك و هەرزان بوو!

***

سۆز و جۆشی کڵپەی دەروون
لە تەك نرکەی پێویستی بوون
هێندە بەتاو... لەم گێژاوە تا نووتی دام
شێرە پڵنگی مەکۆی بارزان
چریکاندی و گیانی پێدام
لەجیاتی چاوی کوێر بووما
هەموو جەستەی کردم بە چاو
لە بن هەوری تاریکی دا بینیم هەتاو
نەما ترس و شێوان لەلام
لە بری ئەمان
ئاڵای بەرزی تێکۆشانی
«یا کوردستان... یا خود نەمان»
بوو بە سروودی نیشتمانی.

*** **

بە خوێنی سوور لە هەردەو کێو
رواندم گوڵ... لە رەنگی لێو
لە هەر شوێن دارم چاندەوە
هەتاوی دوور... شەختەی زستانی تواندەوە
هێنای بەهار
جا، لە رۆژی یانزەی ئازار

لە گەرووی مار

«ماف»ی خوراومساندەوە

چەشنی دڵدار... بە مرازی یار

دەستم خستە گەردنی ئاوات

گشت زامانم سارێژ کران

شاد و ئازاد

لەخاکی سوور... بۆ نزیك و دوور

بانگێك درا... پڕ دەسەڵات

مزگێنی بێ ... مزگێنی بێ

لە کوردستان ... جەژنم داهات

بۆ جەژنانە ... «ئۆتۆنۆمی» ی

«بوو بە نوخشە و بەری خەبات»!!

***

تێبینی: ئەم شیعرە لە ساڵەکانی حەفتاکان نووسراوە لە ئێوارە کۆری رۆژی ١٩٩٧/٨/٢٨ لە هۆڵی رۆشنبیریدا لەهەولێر بە بۆنەی ئاهەنگەکانی ١٦ی ئابی پێشکەش کرا.

# دیاری یار

یـــاران گـــوێ بگـــرن لـــەم گفتوگۆیـــە
بـــۆ ئازیزانـــە دڵ پــڕ لـــە ســـۆیە
تـــاڵاوی مەرگـــە زیندەگـــی دووریـــم
مـن لـە تـاران بـم، ئـەوان لـە کۆیـە

***

دە مانگـــە دوور و وێڵـــی شـــارانم
کوشـــتەی بـــێ نـــازی و مەیلـــی یارانـــم
بـە فرمێسکی چـاو، ئاهـو ناڵـەی دڵ
خامۆشـــە یـــادی وەســـڵی جارانـــم.

***

بەمـــن چـــی دنیـــا هەمـــووی گوڵـــزار بـــێ
ســـەرتاپای جـــەژن و بـــەزم و بەهـــار بـــێ
جوانیی و سەیران و گەنجینەی جیهان
گشـتی قوربانـی یـەك بـزەی یـار بـێ

***

ڕەوتـــی وەك قومـــری «ڕۆژان[1]»ی نیـــان
خەنـــدە و تریقـــەی «جۆشـــان[2]» و «بۆتـــان[3]»

راز و دڵسـۆزی «پەرژیـن[٤]»ی ژیـان
بـۆ من شادی بـوون، سامان بوون سـەیران

***

ئێسـتەش کـە دەردی دووری دەچێـژم
لـە خوێنـی جگـەر ئەسریـن دەڕێـژم
وەك دیوانـەی گـوڵ بـە هومێدی دیدار
مەسـتم، نەمامـی هیـوا دەنێـژم

***

سـوێند بـێ تـا لـەوەی پێـی گرفتـارم
پاکنەکەمـەوە دێهـات و شـارم
بـە دیاریـش نەیبـەم گوڵی سەربەستی
نەگەڕێمـەوە باوەشـی یـارم!

دەربەندی رایات/ ساڵی شۆڕش ١٩٧٥

١ و ٢ و ٣: کچ و دوو کوڕی مامۆستا مەجید ئاسنگەر
٤: هاوژینی مامۆستا مەجید ئاسنگەر

# بارزانی سەروەر

ئەی بارزانی، ئەی سەروەرمان
ئەو رۆژەی تۆ لە دایکبوویت
خۆرێك هەڵهات لە ئاسۆی کورد
پڕشنگی داو رووناکی کرد
دۆند و دۆڵ و دەشت و دەری
هەموو وڵات، گشت شاخ و گرد
ئەو رۆژەیش کە تۆ کۆچتکرد
گیانت بۆ لای یەزدان فڕی
میراتێکت بۆ جێهێتشووین
رێبازێکە بۆ تێکۆشان
پەیمانمان گشت داوە بە ژین
لە خەبات و قوربانیدان
تا هەتایێ پێی پابەند بین
پێشمەرگەی تۆ و کوردستان بین

# زەنگی ئاسایش

ئیمساڵ نەورۆزمان کە گەڕایەوە
بووکی کوردستان بۆی رازاوە
نەما لوورەی جەنگ، لە هەردە و کێوا
زەنگی ئاسایش دەنگی دایەوە.

***

پەژارەی دە ساڵ ژینی پڕ ئازار
گۆڕا بە شادی لە یانزدەی ئازار
کەلاوە کۆنەی خاکی وێرانبووم
بۆوە مەڵبەندی عەتر و لالەزار.

***

بازران و گەرمیان لێکیان دایەوە
کورد دەستی لە دەست یەکدی نایەوە
برای هاوبەشین دڵسۆز و پتەو
دوژمن روو رەشی وا بۆ مایەوە.

***

کوردستان ئیمڕۆ جیهان پێی زانی
لانەی پێشمەرگە و جێی نەبەزانی

لێــمان پیــرۆز بێــت کاروانــی خەبــات
پێشــڕەوی ئێمــەن پارتــی و بارزانــی

# سروودێ بۆ لوبنان

-١-

لوبنان... لوبنان!
تۆ بەهەشتی سەرزەمین بووی
هەواری سەربەست نشین بووی
ناحەزەکان:
داگیرکەر و ئاغای گەورە و نۆکەرەکان
دڵیان لە تۆ پڕ بوو لە قین
کەوتنە جووڵە و بەخۆکەوتن
بڕیاریاندا: یا وەك (میرات) بەش بەشت کەن
ناوی خۆیان بە (تاپۆی رەش)
بنێن بەسەر تەوێڵتەوە
یا: دەبوو بتکەن بە (دۆزەخ)!
ئەو درندە دڵڕەشانە
دار و پەردووت ئاگر بدەن
ویستیان بتکەن بە خەڵووز و بە خۆڵەمێش
بەڵام (ئورزی) رەسەنی تۆ
وەك (بەڕووی) من

رەگیان لە تەك (ناخی زەوی)
دەس لە ملانن
کێوەکانت وەکو (هەڵگورد)
بناخەیان لەدڵی خاکا داڕشتووە
نە کێو: بە (فس فس پاڵەوان)
دێتە جووڵە!
نە (دار ئورزیش) لەنێو دەچێ
بە هەزار (مێش و پەپوولە)!!
هەرچەن خاکیان هەڵدڕیویت
سەرجەم داریان هەڵبڕیویت
لەیەکەم (پەڵە) کەوتندا
خاکی تینووت.. تێرو ئاو دەبێ و
دارستانیش دەژیێتەوە و
هەروەك جاران
سێبەر دەکا بۆ دڵداران!!

-٢-

لوبنان.. لوبنان
تۆ (خۆرەکەی) رۆژهەڵات بوویت
لەئاسمانی (سەربەستی)دا
بۆ گوردان و
شەیدایانی (بیری ئازاد) وەك خەڵات بوویت
بەڵام: شەمشەمە کوێرەکان
ئەوانەی شێتی (تاریکی)ن

جانەوەرن..
چاویان بە (تۆ) هەڵنەدەهات
هەڵپەیان کرد
وەك (مارانگاز) گینگلیاندا
هەرچی (شەمێ)ی بۆ ئەم کارە
سازیاندا بوو
هەموویان کرد بە (بێژینگ) و
وایانزانی
بەری (تیشکی) تۆی پێ دەگرن..
ئەو (گەمژانە) نەیانزانی
یەکەم ساتی
هەور لە رووتدا رەویەوە:
(شەمێ)کەی (وان) دەتوێتەوە و
(پڕشنگی) تۆیش وەك هەمیشە
(ئەم ناوە) گشت دەگرێتەوە!
نەیانزانی...
نە (بیری حوڕ)
رێگای بە (تێلبەند) دەگیرێ و
نە (تیشکی رۆژ) بەری بە (بیژینگ) دەگیرێ!

-٣-

لوبنان.. لوبنان!

تۆی خۆشەویست:

کەڵەکێویی چوار پەل قەویی

سمت و کەنەڵ لووس و ڕێك بوویت

لە پاوانی سەربەستیدا

دەڵەوەڕایت

قەسابەکان،

گورگەڵە چاوچنۆکەکان:

تامەزرۆ بوون

بۆ گۆشتی (سنگ) و (لاڕانت)

هەرچی (چەقۆی) وەگیریان هات

بە (هەسانی) لاپاڵانت

تیژ ... تیژ سوویان

(تەڵەو  داو) یان بۆت نایەوە:

تا بتگرن و سەرت بڕن

سەدان (کێرد)ی ژەهراویان

جەستەی تۆیان کرد بە (کالان)

دەیانەویست بە (حەڕامی)

لەگۆشتی تۆ بکەن (تاڵان)!!

بەڵام: هێسکی پتەوی تۆ

دەمی گەورەترین (تەبەر)

کەویی دەکات

سەری دڵڕەقترین (تەتەر)

لە ئاستی تۆ: نەوی دەکات!
هەر بەیەکەم شنەی شەماڵ
زامەکانت دەبن سارێژ
(تەڵە) دەشکێنێ و بە ئامباز
لە هەردەوە کێوە بەرزەکان
بەرەو (لووتکە)... دەدەی تەکان!!

-٤-

لوبنان.. لوبنان
تۆ جوانێ بوویت، تەڕ، دڵڕفێن
لە شۆخیدا ڤینۆس بەزێن!
داوێن پیس و چەپەڵەکان
داگیرگەر و ئاغای گەورە و شاگردەکان
بە جووانیت چاویان هەڵنەهات
حەیا و ئاوی روویان تکا
دەیانویست: وەك بووکەڵەی کوردەواریی
هەڵتگرن و بترفێنن
وەك سۆزانیی.
هەر شەو بخزێتە باخەڵی نامەردێکیان
تا ژەهری حەزی گڵاوی
خۆی بە (تۆ) دا دابڕێژێت
بەڵام لوبنان.. لوبنانە داوێن پاکەکە
ئەو کەر و نێرەمووکانە
نەیانزانی تۆ فریشتەیت

وەکو (خانزادەکەی سۆران)
هەر دەسێکی بە ناپاکیت بۆ درێژ بکرێت
نەك دەستەکە.. ملی خاوەن دەستیش دەبڕێت
جا هەر شەوێ: کە لە باخەڵ یەکێکیانا بەسەردەچوو
بۆ بەیانی: خۆت ڕوو سوور و خاوەن ئابڕوو
هەڵدەستایت و (گەندەڵە)کەیش
لاکی تۆپیو.. لەوێ کەوتوو!

-٥-

لوبنان.. لوبنان!
تۆ ئەسپێکی بەرزەفڕ بوویت
وەکو (هەڵۆی) لووتکە نشین
لە ئاسمانی سەرفرازیی تاو درابوویت
جامبازەکان:
داگیرکەر و ئاغەی گەورە و بەرازەکان
زۆر دەمێ بوو
مرخیان لە تۆ خۆش کردبوو
بە پەنهانیی
کەمەند و سندمیان هانی
بەنیازی وەی دەستەمۆت کەن
ویستیان بە فێڵ دەسخەڕۆت کەن
حەزیان دەکرد یا بۆ (وان) بیت
یا چوار پەلت ورد و خاش کەن!
بەڵام: هەرگیز ئەسپی ڕەسەن

کۆت و پێوەن راناگرێ
فێڵی دونیاش نایبەزێنێ
خاوەنی راستی خۆی نەبێ
کەسێکی تر.. بۆ هەمیشە
لەخانەی زینی سەرپشتیا
بە ئارامیی هەڵناگرێ!!

-٦-

لوبنان.. لوبنان!

(ئەوان) دە ساڵە خەریکن

نەخشە و پیلانی جۆراوجۆر: بۆ مەرگی (تۆ)

دادەڕێژن

مەبەستیانە. چی دار ئورز و رەز و باخە

بیسووتێنن!

دەنگی (ئازادی) دلێرت

کەس نەیبیسێ لە (گەرووت)دا

بیخنکێنن!!

خەندە و بزەی خۆشەویستی

سەرلێوی گەورە و زارۆکان

بتۆرێنن!!

لەنێو گرمەی گوللە تۆپ و

زریك و هۆڕی مووشەکدا

بیتۆقێنن!!

لەش و لاری شل و ملت.. وەك گۆشتی (کار)

لەتلەتکەن و دست و قاچت

بقرتێنن!!

بەڵام، لوبنان: دڵنیابە

پووچە، پووچە... ئەم (خەیاڵە)

(خەونێکی) بۆش و بەتاڵە..

هەر (وەڵاتی) وەکو (تۆ)بێ

لە گێژەنی ئاژاوەدا

گرفتاری زام  و سۆ بێ
بەڵام: رۆڵەی چاو نەترس و پێشمەرگە بێ
گیان لەسەر دەست...
لە بۆتەی (خەباتا) قاڵە
گەرچی ئیمڕۆ کۆست کەوتەیش بێ
موژدەت دەمێ:
سبەی بەسەر (دوژمن)دا زاڵە!
ئەم وڵاتە.. سەقامگیرە
لەنێوچوون و نسکۆ و بەزین
بۆ (ئەم) نابێ.. نا مەحاڵە!!

کۆیە/ ئەیاری ١٩٨٥

لە ١٥ی ئابی ١٩٩٨ لە یانەی راگەیاندن (اعلام)ی هەولێر خوێنرایەوە.

# مافی وشە و ئاواز

لـە ئێـوارە کـۆڕی چلـەی خوالێخۆشـبوو، هونەرمەنـدی گـەل مامۆسـتا (تایـەر تۆفیـق)ی نەمـردا خوێندرایـەوە کـە تیپـی مۆسـیقای باواجـی رۆژی ١٩٨٧/١١/٢٣ لەهۆڵـی مەڵبەنـدی لاوانـدا لـە کۆیـە سـازیدابوو.

«لە باخان ئاهۆ و ناڵین دێ   دەڵێن شای نێو گوڵان رۆیی»
لە کوردستان سەدای شین دێ   دەڵێن ژێی نێو دڵان رۆیی
لە ئاسمانی جوان و گەشی
هونەری بەرز و بێخەوشی
ئاواز و گۆرانی کورددا
ئەستێرەیەکی پرشنگدار
کە پەنجا ساڵ بێ پشوودان
بۆ هەمووانمان دەدرەوشا
بە نامۆیی و بە ئێجگاری
بارگەی پێچایەوە و کشا
*** **

لە مەیدانی جلێتبازی و
گۆڕەپانی بەستەو مەقام
مردن ئەسپێکی سەرکەش بوو
هات لەپڕتاو
شۆڕەسواری شای سوارانی
بەرەو نەمان بۆ ناخی خاك
هەڵگرت و نەیشگەڕایەوە
بوو بە ماتەم بە قورپێوان
هەواڵی کۆچی دڵتەزێن لەچوار کەنار
بۆمبایێ بوو،
بە وڵاتا دەنگی دایەوە بە وڵاتا دەنگی دایەوە!

***

وا ئەمجارەش
«فەلەك بە تیروکەوانێ لە ئێمە چۆتە کەمین
شکارگاهی زەمینە لە چنگی کێوە دەچین؟»
رووی دوو ساڵە
خەرمانی کورد
ئاو دەیبات و
بەفری لوتکەی دەتوێتەوە
هەر زانایە و هۆزانڤان و هونەرمەندە
بەبێ نۆرە
کۆچ دەکا و سەردەنێتەوە
نەگبەتیی کورد لەوە دایە
تا بە هەزار کوێرەوەری و

دەردەسەری و خوێنی جگەر
بە پەنجا ساڵ
یەکدوو نەمام
پێدەگەیەنێ و دێنێتە بەر
(با ڕەش)ی مەرگ
لە یەك ساڵدا
سەدان داری هەڵچووی بەبەر
بێ گیان دەکا و رەگ و ریشەی داکوتراویان
لە ژێر خاکا دێنێتە دەر!
فەرموون ئەوە:
«کوردۆییف وعەرەب شەمۆ
سەججادی و یەڵماز گۆنای و
عیزەت فەیزی و سامی عەوداڵ
مام هێمن و جەزراویی و مەم
کامەران و وەیس و شەماڵ
پێش کامیلی کوێری بیناش
کاك تایەر خۆشخوانی کورد»
لەگەڵ چەندین ناودارانی
هەڵکەوتووی تر
جێیان هێشتین.
داغی سوریان
نا بە جەرگ و هەناوی کورد ... نا بە جەرگ و هەناوی کورد!
***
«هەر تۆی ئێتسا وارسی عیسا بێ ژن و ماڵ و بێ کوڕ و مەئوا

ئەوەی شاعیر نەبێ کوێرە وەجاخی» لە سای (گۆرانییەکانت) بابی کوڕانی!
(شیرین بەهارە و نیوەشەو
گوڵی سەربەستی و هێزی گەل
سەدەی بیستەم
وتم ئەی کچ، ئەم هەلەی کورد
ساقی و خەییام
وەکو قومری و هەی نارەکەت
لەبەر نازی چاوبازان و
بەهارییەکەی وەك مرواری حاجی قادر
هۆنایەوە و
کردیە «گەردانەی شارەکەت»
لە تەك سەدان ئاواز و فۆلکلۆری تر
چلە پۆپەی
هونەری کوردن لەم یاڵە
ئەچریکێنن،
ئەدەن بە گوێچکەی رۆژگارا
ئەم هەواڵە:
«دەڵێن، تایەری هونەرمەند
سەفیری بەوەفای کۆیێ و
(پۆل رۆبسن)ی سەربەستیی کورد
ئەم دەنگخۆشە بلیمەت و لێهاتووە
بە ئارامیی و لە ئامێزی
میهرەبان و زۆر پیرۆزی
ئەم خاکەدا کە نووستووە

نەمردووە!
وەك هەركەسێك
ئەوەی سەرتاپای ژینی خۆی
سەربەرزانە و بەدڵسۆزیی
بۆ خاك و گەل بردبێتە سەر
نەمردووە، نەخێر هەرگیز نەمردووە!»
*** ***
کاکە تایەر:
بلبلی هەزار داستان و شێت و شەیدای
گوڵزاری دەشت و بەندەنان،
هەرچەند وەکو
ڕێبوارێکی وێل و نامۆ
بێ خانەخوێ و بەکەساسیی
بەم نێوەدا هاتیت و زوو
گوزەرت کرد
بەڵام هۆکاك: دڵنیابە
نەك هەر تەنیا شاری کۆیە
هەموو کوردێکی هونەردۆست
لەم کوردستانە مەزنەدا
کوڕ و برا و کەسی تۆیە!
تۆیش نەمردوویت و ناشمریت
یادت توێشووی نێودڵانە
دەنگت: ئەو بەخششەی یەزدان
گرێکی وای هەڵکردووە

تا کورد مابێ نەکوژێتەوە
ئەم یادگارەیش جێتهێشتووە
دەریایەکە لەبن نایە و
هەتا هەتایێ زیندووە!
سا تۆیش ئارام بەو بڕوانە
لە سۆنگەی میهر و وەفاوە
وا (کراس زەردێ)ت دەکەینە بووك
بۆ (تۆ)ی جوان و بەناز دەکەین
بە چاوی پڕ لە ئەسرین و خەندەی بەسەرلێوانەوە:
کۆڕی چلەت بۆ ساز دەدەین
لەبەردەم (عەرشی) هونەردا
بەم ڕێزەو نەوازشەوە
هەقێکی (تۆ) و
مافی (وشە و ئاواز) دەدەین.
مافی (وشە و ئاواز) دەدەین!

کۆیە ۱۹۸۷/۱۱/۲۳

# چنارۆك

نەورۆز تارای شینە چنارۆك
وێنەی بووکی بان زینە چنارۆك

وەرزی بەهارە، گوڵزار و شیرینە
وڵات سەرتاپای جوان و ڕەنگینە
یاران بێن بڕۆین، کاتی سەیرانە
مەستی دڵداری ئاڵ و واڵاپۆشی
هەوارگەی مەم و زینە چنارۆك
مەڵبەندی شادی و ژینە، چنارۆك

دیمەنی دڵڕفێن، هەوای سازگار
قەڵبەزەی سوولی خوڕ و زیوینە
مەستی دڵداریی ئاڵ و واڵاپۆشی
مەڵبەندی شادیی و ژینە چنارۆك

دەهۆڵ و زوڕنا و شایی و ڕەشبەڵەك
بەزمی ئاهەنگی كۆڕی ئەوینە
لەرەی شمشاڵ و قاسپەی كەوی پاڵ
لە جوانی هاوتای نییە چناڕۆك
بەهەشتە هاوتای نییە چناڕۆك

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.